National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان




خولی گرێدانی یەکەم لە ساڵی یەکەم،
لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان
(٦ ی تشرین دووەمی ٢٠١٨ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٩)

## ڕاپۆرتی یەکەم لە خولی پێنجەم

ئەیلولی ٢٠١٩

National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

له بڵاوكراوەكانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ژمارە (٥٤)

# پرۆژەی چاودێریی و
# هەڵسەنگاندنی كارەكانی پـەرلەمانـی كـــوردستان

## راپۆرتی یەكەم لە خولی پێنجەم

لەساڵی یەكەم _ خولی گرێدانی یەكەم

لە خوای پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان

٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بۆ ٣٠ی ئابی ٢٠١٩

## ستاڤ کار

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

★- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣, لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە .

★- پڕۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان, لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانەوە دەستی پێ کردووە، بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) تا ئێستا بەردەوامە.


**ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – کوردستان مۆڵ –شەقامی سالم

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

ئیمەیڵ: sarwary74@yahoo.com payinstitute@gmail.com/

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٩**

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان | ٧ |
| هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەرلەمان لە (٠٦/١١/ ٢٠١٨ تا ٢٠١٩/٠٨/٣١) | ٢٣ |
| یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان | ٢٤ |
| دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان: | ٢٧ |
| تێبینی سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان و زانیاری لەسەر ئامادەبوونی پەرلەمانتاران | ٢٨ |
| سێیەم: ناوی ئەو پێشنیاز و پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە | ٥٩ |
| چوارەم: یاسا پەسەندکراوەکان | ٦٠ |
| پێنجەم: بڕیارە دەرچووەکان | ٦٠ |
| شەشەم: ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشکراوە و خوێندنەوەی بۆ نەکراوە | ٦١ |
| حەوتەم: چاودێریکردن | ٦٢ |
| هەشتەم: بودجە و ژمێرەی کۆتایی | ٦٢ |
| چەند سەرنجێك لەسەر خولی گرێدانی دەستپێکی خولی پێنجەمی پەرلەمان | ٦٣ |
| ئەنجام | ٦٧ |
| ڕاسپاردە | ٦٨ |
| خشتەی ژمارە (٢٨): پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی (٦ ی ئازاری ٢٠١٨ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٩) | ٦٩ |
| پاشکۆی ژمارە (١): بەیانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم | ٧٠ |
| پاشکۆی ژمارە (٢): بەیانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبارەی کاندیدانی سەرۆکی هەرێم | ٧١ |
| پاشکۆی ژمارە (٣): دەقی وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ٧٢ |
| پاشکۆی ژمارە (٤): دەقی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەت | ٧٦ |

**روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان**

www.payied.org

روانگەی پەی، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری بڵاودەکاتەوە، بەشەکانی روانگەی پەی پێکهاتووە لە :

- لەدەربارەی پەی _ پرۆژەکانی پەی _ هەواڵەکانی پەی
- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان _ راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان
- دەربارەی پەرلەمانی کوردستان _ مێژووی هەڵبژاردن _ یاسایی هەڵبژاردن
- خولەکانی پەرلەمان _ سەرۆکایەتی پەرلەمان _ ئەندامانی پەرلەمان _ لیژنەکانی پەرلەمان
- یاساکان
- بڕیارەکان
- ئامادەبوونی پەرلەمانتار لە دانیشتنەکانی پەرلەمان
- پەیوەندی بە ئەندامان پەرلەمانەوە
- بڵاوکراوە دەربارەری پەرلەمان
- بڵاوکراوەکانی پەرلەمان
- ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان
- گەلەری
- بیرورا
- لینك

زانیارییەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیش لەماڵپەرەکە داخڵکراوەو بەردەوامیش هەواڵی رۆژانەی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە.

# پێشەکی

هەڵبژاردن یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی، بەڵام وەك سەلمێنراوە سەرباری گرنگیەکەی بەتەنها هەڵبژاردن نابێتە سەلمێنەری دیموکراسی، پەرلەمانتاری هەڵبژێردراو بۆ ئەوەی پەیمانەکانی جێبەجێبکات پێویستی بەهەبوونی پەرلەمانێکی کارا و کاریگەرە کە لە کرۆکی دیموکرسیەوە هاتبێتە بەرهەم، بەڵام بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و هەرێمدا نیشانەی پرسیاری هێناوەتە سەر پەرلەمان، لەم راپۆرتەدا بەشێك تەرخانکراوە بە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان .

پەرلەمان ئەو دامەزراوەیە کە لە رێگای کارەکانیەوە جۆری حوکمداری، شەفافیەت، چۆنێتی بودجە، لەگەڵ رەزامەندی خەڵك رێکدەخات. پەرلەمانی کارا ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ لاوازکردنی توندوتیژی و پەرەپێدان بە دیبەیت، ئەرکی پەرلەمان گواستنەوەی گفتوگۆ و ململانێیە لەشەقامەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان. ئەم پرۆسەیە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی بونیادنانی نیشتمانی. لەو ڕووەوە پەرلەمان هەر ڕۆڵێك بگێڕیت رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆی دامەزراوەکانی تر، لە ناوەرۆکی ئەم راپۆرتەدا داتا و زانیاری خراوەتەڕوو، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان لە (چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، پەسەندکردنی بودجە و پەسەندکردنی ژمێرەی کۆتایی، رێکخستنی داواکارییەکانی خەڵك لەگەڵ یاساکان).

بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان لەهەرێم "بالاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات، کە لە پەیڕەوە و لەیاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە"، بەڵام وەك دیارە پەرلەمان لە کوردستان لاوازە، وەك چۆن بە رێژەی جیاواز لە عێراق و ناوچەکەش لاوازە، هۆکارەکانی ئەمەش زۆرن، ئەگەر ئاوڕێکی رابردوو بدەینەوە لە کوردستاندا دەبینین خول لەدوای خول بە ئامانج و مەبەستدار پەرلەمان و پەرلەمانتار لاوازکراون و تێکشکێنراون، بە نمونە: خولی یەکەمی پەرلەمان (١٩٩٢–٢٠٠٥) کە ئەم خولە درێژترین تەمەنی هەبوو و بەهۆی شەڕی ناوخۆوە پەکخرا، دواتر تاك لایەنە بەڕێوە برا، خولی دووەم (٢٠٠٥–٢٠٠٩) کە دەتوانین ناوی بنێین خولی سارێژبوونەوەی بیرینەکانی شەری ناوخۆو سڕینەوەی شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەیی، لەهەڵبژاردنەکەیدا زۆربەی هێزە سیاسیەکان بەپێی رێکەوتنێکی پێشوەختە بەیەك لیست بەشدار بوون. خولی سێیەم (٢٠٠٩–٢٠١٣) خولێکی تا رادەیەك جیاواز بوو، بەهۆی بوونی کەسانێکی بێلایەن لەناو بەشێك لە لیستەکان و بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی نوێش، بەڵام ئەم خولەش بێ کێشە نەبوو بەهۆی ململانێی توند و ناتەندروستی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات کە زۆربەی کات پەرلەمان لە ئەرکی خۆی دوور دەکەوتەوە. خولی چوارەم (٢٠١٣–٢٠١٨) ئەم خولە هەم لەلایەکەوە پەکیخرا لە دەرەنجامی ململانێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانەوە درێژەی هەیە، لەلایەکی ترەوە نەیتوانی هیچ لێپرسینەوەیەك لە حکومەت بکات بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە، لەکۆتاییشدا بە نایاسایی ساڵێك تەمەنی خۆی درێژکردەوە، ئێستاش کە لەناو خولی پێنجەمین کە ئەم خولەش بەرهەمی ئەم رابردووەیە، کەموکوڕییەکانی چەندجارە بۆتەوە، بەمەش دەبینین سیاسەتێکی ڕوون هەیە بۆ لاوازکردنی ئەم دامەزراوەیە و دەتوانین ناوی بنێین: سیاسەتی پەراوێز خستنی پەرلەمان، کە لە لایەن نوخبەی حزبی سیاسیەوە پەیڕەو دەکرێت، ئەو حزبانەش لە هەموو

دامەزراوەکانی تری هەرێم بەهێزترن، بەهێزیشیان پەیوەستە بە هەبوونی هێزی چەکدار، پارە، دەسەڵات، لەگەڵ مێژووییاندا. بەمانایەکی تر باڵادەستی پارتی سیاسی لەدەرەوەی دامەزراوەیاساییەکان دەبێتە هۆکاری پەرلەمانێکی لاواز و ئێستا پەیوەندی نێوان حیزبەکان و پەرلەمان زۆر ئاڵۆز و ناهاوسەنگە.

ئەم دۆخەی پەرلەمانی کوردستان کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی تری حوکمداری، پەرلەمان لە هەر دەزگایەکی تر زیاتر لە ژێر فشاردایە. نوخبە و خەڵکی ئاسایی بە ئامانجی جیاواز تێیدەڕوانن. بۆ ئەوەی بۆشایی نێوان خەڵك و حکومەت کەم بێتەوە، حوکمی یاسا بێتە ئاراوە و نمایندەی هەموو رەنگەکانی کۆمەڵگا بێت، دەبێت پەرلەمان ئەو رۆڵە بگێرێت کە بۆی دروستبووە .

سیستەمی سیاسی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر سروشت و چۆنێتی بەڕێوەچوونی پەرلەمان هەیە. لە ئێستادا کوردستان بە دەست یەکلاییکردنەوەی پرسی نەبوونی دەستورو جێگیر نەبوونی سیستەمە سیاسیەکەیەوە دەناڵێنێ، رەخنەگران پێیان وایە بۆشایی دەستور رۆڵی هەبووە لە لاوازبوونی پەرلەمان و زۆربەی دامەزراوەکانی تری هەرێم.

بە بڕوابوون بە بنەمای (چاودێری و هەڵسەنگاندن)، باشترین رێگان بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان. بە سوود وەرگرتن لە یاساکانی هەرێمی کوردستان کەبریتین لە (یاسایی رێکخراوە ناحکومیەکان، ماف دەستکەوتنی زانیاری، پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان)، ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، ئەرکی چاوێریکردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی لە ئەستۆ گرت و (١٣) راپۆرتی وەزری لەسەر ئەو خولە بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) بڵاوکردەوە، و ئامادەکاری کردووە لە خولی پینجەمیش هەمان پرۆژە بە هەماهەنگی پەرلەمانی کوردستان و هاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەمریکی درێژە پێبدات. ئامانجەکانی پرۆژەکە بریتین لە: دروستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی، دروستکردنی پردێك بۆ گەیاندنی زانیاری و داتاکان بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، نیشاندانی ئەدای پەرلەمان وەك ئەوەی هەیە و فشار درووستبکات بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان، بچێتە سەر رێچکەی سەرەکی خۆی.

ئینستیتیوتی پەی خوازیارە بەم پرۆژەیە، ئەو نامەیە بە نوخبەی دەسەلات بگەیەنێت، کە رێگەنەدرێت پەرلەمان رۆژ لەدوای رۆژ پاشەکشێی زیاتر بکات و لەئەرکەکانی خۆی لابدات. بە هەمان شێوە هەر هەوڵێك بۆ پەراوێزخستنی کاریگەری دەبێت لە سەر خراپکردنی شێوازی حوکمکردن و پەیوەندی حکومەت و خەڵك.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

**ئەیلولی ٢٠١٩**

## هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی مادەی (٥١) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بکرێت، هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٣/٩/٢١) ئەنجامدرا بوو، بەڵام بەهۆی کێشە لەسەر ئەنجامەکان، یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بەمەبەستی سوێند خواردنی ئەندامان لە (٢٠١٣/١١/٦) ئەنجامدرا و دەستەی سەرۆکایەتیشی لە (٢٠١٤/٤/٢٩) هەڵبژێردرا.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمیش، بەپێی یاسا دەبوایە لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٧ هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە، بەڵام بەهۆی ژمارەیەك گرفتی (پەککەستنی پەرلەمان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجامدانی ریفراندۆم و لێکەوتەکانی، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجامەکانی و هتد...) هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ئەنجام نەدرا، لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) بەزۆرینەی دەنگ (٦٠ دەنگ لەکۆی ٧١ پەرلەمانتار)، بڕیاردرا ماوەی کارکردنی پەرلەمان بۆ دوو خولی گرێدانی پەرلەمانی درێژ بکرێتەوە.

پاشان رۆژی (٢٠١٨/٥/٨) سەرۆکی حکومەت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بۆی دیاریکراوە رۆژی (٢٠١٨/٩/٣٠)ی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەستنیشانکرد.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی رێکارەکانی گرتەبەر، و لە ٢٠١٨/٦/١٠ لە راگەیەنراوێکدا بڕیاری پەسەندکردنی (٣٨) قەوارەو رەتکردنەوەی (٣) قەوارەی راگەیاند. دواتر لە ٢٠١٨/٧/١٦ کۆمسیۆن تیروپشکی بۆ قەوارەو هاوپەیمانەتیەکان کرد و لەئەنجامدا (٢٩) قەوارەو هاوپەیمانیەتی بۆ بەشداری هەڵبژاردن ژمارەیان بۆ دەستنیشان کرا.

شایانی باسە قەوارەی (تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان) داواکاری پێشکەش بە کۆمسیۆن کردبوو بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکەو لە رۆژی ٢٠١٨/٦/١٠ دا ناوی قەوارەکە بە ژمارە (٢٣) پەسەندکرابوو، بەڵام دواتر کێشەی بۆ دروستکراو رێگری لێکرا بەشداری هەڵبژاردنەکە بکات .

## وادەی یاسایی ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن

بەپێی بڕگەی (١) لە بەشی (١٢) ی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٨ ی دەنگدان و لەیەك جیاكردنەوەو ژماردنی دەنگەكانی كۆمسیۆندا هاتووە: "كۆمسیۆن لەماوەی (٧٢) كاتژمێر ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردن رادەگەیەنێت"بەڵام كۆمسیۆن نەیتوانی ئەم كارە بكات و ئەنجامە بەراییەكان لەكاتی خۆیدا ڕابگەیەنێت، هەرچەندە كۆمسیۆن لە ئێوارەی (٢٠١٨/١٠/٤) ئەنجامی نافەرمی (٨٥٪) ی دەنگدانی ئاشكرا كرد، بەڵام ئەو ئەنجامە بەپێی یاسا بە ئەنجامی بەرایی هەژمار ناكرێت، دواتر كاتژمێر (١٢)ی شەوی (٢٠١٨/١٠/٢١) دوای (٢٠) ڕۆژ لە هەڵبژاردن و تێپەڕ بوونی (٤٨٠) كاتژمێر ئینجا ئەنجامە بەراییەكان بەفەرمی ڕاگەیەندرا:

* ڕێژەی بەشداربووان: (١,٨٤٥,٩٧٩) دەنگدەر كە دەكاتە (٥٩ ٪) .
* ژمارەی دەنگی پوچەڵ: (١١٦,٣٨٣) دەنگ .
* ژمارەی دەنگی بەتاڵ: (٤٢,٤٣٢) دەنگ.
* ژمارەی دەنگی هەژمارنەكراو: (١١٩,٦١٧) دەنگ (سكاڵا سوورەكان) .
* ژمارەی دەنگی دروست: (١,٥٦٧,٥٣٧) دەنگ .
* نرخی كورسی بۆ كورسییە گشتییەكان: (١٥,٣٩١) دەنگ.
* نرخی كورسی بۆ پێكهاتەی توركمان: (٢,٢٩٠) دەنگ.
* نرخی كورسی بۆ پێكهاتەی كلدان سریان ئاشووری: (٢,٨٠٥) دەنگ.

## ناو و ژمارەی لیستە گشتیەکان و پێکهاتەکان بۆ (١١١) کورسی

### خشتەی (١)

### لیستە بەشدار بووەکانی کورسییە گشتییەکان

| ژ | ناوی لیست | ژ.لیست | ژ.دەنگ | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٠٥ | ٣١٩٩١٢ | ٢١ |
| ٢. | بەرەو ئیصلاح | ١١٩ | ٧٩٩١٢ | ٥ |
| ٣. | لیستی سەردەم | ١٢٧ | ١٥٤٣٤ | ١ |
| ٤. | جولانەوەی نەوەی نوێ | ١٣٤ | ١٢٧١١٥ | ٨ |
| ٥. | بزوتنەوەی گۆران | ١٤٨ | ١٨٦٩٠٣ | ١٢ |
| ٦. | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٥٦ | ٣٦٢٨ | ٠ |
| ٧. | ئازادی | ١٦٤ | ٨٠٦٣ | ١ |
| ٨. | هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری | ١٧٢ | ٢٩٨٣ | ٠ |
| ٩. | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٨٣ | ٦٨٨٠٧٠ | ٤٥ |
| ١٠. | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٩٤ | ١٠٩٤٩٤ | ٧ |
| | **سەرجەم** | – | **١٥٤١٥١٤** | **١٠٠** |

### خشتەی (٢)

### لیستە بەشدار بووەکانی پێکهاتەی تورکمان

| ژ | ناوی لیست | ژ.لیست | ژ.دەنگ | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لیستی تورکمانی دیموکراتی | ٢٠٣ | ٢٩٨ | ٠ |
| ٢. | پارتی گەشەپێدانی تورکمان | ٢١٥ | ٣٣١٨ | ٢ |
| ٣. | لیستی میللەت | ٢٢٤ | ٨٨٥ | ١ |
| ٤. | هاوپەیمانی تورکمانی هەولێر | ٢٣٩ | ٧٦٠ | ٠ |
| ٥. | بزوتنەوەی بروسکەی تورکمانی(یلدرم) | ٢٤٦ | ٨٤٦ | ٠ |
| ٦. | پارتی چاکسازی تورکمانی | ٢٥٨ | ٣١٢٥ | ١ |
| ٧. | پارتی تورکمانی هەولێر | ٢٦٧ | ٦٩٥ | ٠ |
| ٨. | لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی | ٢٧٢ | ١٥٤٥ | ١ |
| | **سەرجەم** | | **١١٤٧٢** | **٥** |

**خشتەی (٣)**

**لیستە بەشدار بووەکانی پێکهاتەی کلدان سریان ئاشووری**

| ژ | ناوی لیست | ژ.لیست | ژ. دەنگ | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لیستی رافیدین | ٣٠٦ | ٢٦٢٦ | ١ |
| ٢. | ابناو النهرین | ٣١٧ | ١٠٨ | ٠ |
| ٣. | مجلس الشعبی الکلدانی السریانی الاشوری | ٣٤٤ | ٢٩٦٣ | ١ |
| ٤. | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٣٦٨ | ٨٠٨٨ | ٣ |
| ٥. | لیستی دیموکراتی مەسیحی | ٣٨٤ | ٢٣٨ | ٠ |
| | **سەرجەم** | | **١٤٠٢٣** | **٥** |

**خشتەی (٤)**

**بەشداربووانی پێکهاتەی ئەرمەن**

| ژ | ناوی نوێنەری ئەرمەن | ژ.لیست | ژ.دەنگ | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | نوبار سیپان غەریب | ٤٠٨ | ٢٩٠ | ٠ |
| ٢. | ادکار هاکوب | ٤٢٣ | ٤٣٩ | ٠ |
| ٣. | ئارام بوزو حمو | ٤٥٢ | ٦١١ | ٠ |
| ٤. | مراد ماردروس وارتان | ٤٧٦ | ٤٢٥ | ٠ |
| ٥. | یروانت نیسان مارکوس | ٤٨٩ | ٥٩٠ | ٠ |
| ٦. | فاهیك کمال سرانیان | ٤٩٧ | ٦١٥ | ١ |
| | **سەرجەم** | | **٢٩٧٠** | **١** |

لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆی (٩) کۆمسیار تەنها پێنجیان کە نوێنەری (پارتی و یەکێتی)ن ئیمزایان لەسەر ئەنجامەکان کرد و چوار ئەندامەکەی تر نوێنەرانی (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) ئەنجامەکانیان رەت کردەوەو دەنگیان لەسەر نەدا و یاداشتێکیان دژ بەو بریارەی کۆمسیۆن و ئەنجامەکان بلاوکردەوە.

# زانیاریی ژمارەیی لەسەر خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨

## خشتەی ( ٥ )

## لیست و قەوارە سیاسیەکان و کۆی دەنگەکانیان

| ژ | ناوی قەوارەو لیستەکان | کۆی دەنگەکانی | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|
| .١ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٨٨,٠٧٠ | ٤٥ |
| .٢ | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣١٩,٩١٢ | ٢١ |
| .٣ | لیستی گۆڕان | ١٨٦,٩٠٣ | ١٢ |
| .٤ | لیستی نەوەی نوێ | ١٢٧,١١٥ | ٨ |
| .٥ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٠٩,٤٩٤ | ٧ |
| .٦ | لیستی هاوپەیمانی بەرەو ئیسلاح | ٧٩,٤٩٤ | ٥ |
| .٧ | لیستی سەردەم | ١٥,٥٨١ | ١ |
| .٨ | لیستی ئازادی | ٨,٠٦٣ | ١ |
| .٩ | لیستی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | ٣,٣١٨ | ٢ |
| .١٠ | لیستی چاکسازی تورکمانی | ٣,١٢٥ | ١ |
| .١١ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١,٥٤٥ | ١ |
| .١٢ | لیستی میللەت | ٨٨٥ | ١ |
| .١٣ | لیستی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٨,٠٨٨ | ٣ |
| .١٤ | لیستی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢,٩٦٣ | ١ |
| .١٥ | لیستی رافیدەین | ٢,٦٢٦ | ١ |
| .١٦ | لیستی ئەرمەن | ٦١٥ | ١ |
| | **سەرجەم** | **١,٥٧٧,٧٩٧** | **١١١** |

## جیاوازی دەنگ و کورسیی لیست و قەوارە سیاسیەکان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا

لەنێوان هەردوو هەڵبژاردنی خولی چوارەم و پێنجەمی هەڵبژاردندا جیاوازی هەبوو، هەم لە ڕێژەی کورسیەکان و هەم لە ڕێژەی بەشدار بووان و دەنگی قەوارە سیاسیەکانیشدا. بۆ نمونە:

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**جیاوازی دەنگ و کورسیی لیست و قەوارە سیاسیە گشتیەکان**

| ناوی قەوارەو لیستەکان | خولی چوارەم | | خولی پێنجەم | | جیاوازی دەنگ | جیاوازی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەنگ | کورسی | دەنگ | کورسی | | |
| لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٧٤٣٩٨٤ | ٣٨ | ٦٨٨٠٧٠ | ٤٥ | ٥٥٩١٤ دەنگی کەم کردووە | ٧ کورسی زیادکردووە |
| لیستی گۆڕان | ٤٧٦٧٣٦ | ٢٤ | ١٨٦٩٠٣ | ١٢ | ٢٨٩٨٣٣ دەنگی کەم کردووە | ١٢ کورسی کەم کردووە |
| لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣٥٠٥٠٠ | ١٨ | ٣١٩٩١٢ | ٢١ | ٣٠٥٨٨ دەنگی کەم کردووە | ٣ کورسی زیاد کردووە |
| لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی | ١٨٦٧٤١ | ١١ | ٧٩٤٣٤ | ٥ | ١٠٧٣٠٧ دەنگی کەم کردووە | ٦ کورسی کەم کردووە |
| لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١١٨٥٧٤ | ٦ | ١٠٩٤٩٤ | ٧ | ٩٠٨٠ دەنگ کەمی کردووە | ١ کورسی زیاد کردووە |
| لیستی ئازادی | ١٢٣٩٢ | ١ | ٨٠٦٣ | ١ | ٤٣٢٩ دەنگ کەمی کردووە | کورسی وەك خۆیەتی |
| لیستی نەوەی نوێ | - | - | ١٢٧١١٥ | ٨ | ١٢٧١١٥ دەنگی هێناوە بۆ یەکەمجارە بەشدارە | ٨ کورسی زیاد کردووە |
| لیستی سەردەم | ٢١١٨٢ | ٢ | ١٥٥٨١ | ١ | ٥٦٠١ دەنگ کەمی کردووە | ١ کورسی کەم کردووە |

**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

**جیاوازی دەنگی پێکهاتەی کۆتا/ کلدان سریان ئاشور**

| ژ | ناوی قەوارەو لیستەبراوەکان ٢٠١٣ | ناوی قەوارەو لیستەبراوەکان ٢٠١٨ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| .١ | لیستی رافیدەین | لیستی رافیدەین | ٧٠٩ دەنگ زیادی کردووە خاوەنی (٥) کورسین |
| .٢ | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | |
| .٣ | لیستی ئەبنا ئەلنەهرەین | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | |
| سەرجەم | ١٢٩٦٨ | ١٣٦٧٧ | |

**خشتەی ژمارە ( ٨ )**

**جیاوازی دەنگی پێکهاتەی کۆتا/ تورکمان**

| | ناوی قەوارەو لیستەبراوەکان ٢٠١٣ | ناوی قەوارەو لیستەبراوەکان ٢٠١٨ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| .١ | پێشکەوتنی تورکمان | لیستی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | ٢٠١٦ دەنگ کەمی کردووە، خاوەنی (٥) کورسین |
| .٢ | هەولێری تورکمانی | لیستی چاکسازی تورکمانی | |
| .٣ | گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | لیستی میللەت | |
| .٤ | بەرەی تورکمانی | لیستی بەرەی تورکمانی | |
| سەرجەم | ١٠٨٨٩ | ٨٨٧٣ | |

**خشتەی ژمارە ( ٩ )**

**جیاوازی دەنگی پێکهاتەی کۆتا/ ئەرمەن**

| | نوێنەری براوە ٢٠١٣ | نوێنەری براوە ٢٠١٨ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| .١ | نوێنەری ئەرمەن | نوێنەری ئەرمەن | ٨٤ دەنگی زیادی کردووە، خاوەنی (١) کورسین |
| سەرجەم | ٥٣١ | ٦١٥ | |

**خشتەی ژمارە ( ١٠ )**

**جیاوازی ژمارەی دەنگدەران لەنێوان دوو هەڵبژاردندا**

| خولی هەلبژاردن | ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو | ژمارەی ئەوانەی بەشداری دەنگدانیان کرد | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | ٢,٨٠٣,٣٨٢ | ١,٩٦٨,٧٧٥ | ٪٧٠,٢ |
| هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨ | ٣,٠٨٥,٤٦١ | ١,٨٤٥,٩٧٩ | ٪٥٩,٨٣ |

**تێبینی:**

١-لەخولی چوار یەکگرتوو بەتەنها بەشداری هەڵبژاردنی کردبوو و (١٠) کورسی بەدەست هێنابوو، بەڵام لەخولی پێنجەمدا لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی هاوپەیمانی کردبوو، ئینجا تەنها (٥)کورسی بەدەستهێناو بزوتنەوەش هیچ کورسیەکی بەدەست نەهێنا.

٢-هەریەکە حزبی سۆسالیستی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران کە لە هاوپەیمانێتی ئاراستەی سێیەمدابوو، لەخولی چوارەمدا بە جیا هەریەکەی کورسیەکیان بەدەست هێنابوو، بەڵام لە خولی پێنجەمدا ئەم دوو حزبە هاوپەیمانێتیان کردبوو بەناوی (سەردەم)ەوەو بەهەردوکیان تەنها یەك کورسیان بەدەست هێنا.

٣-نەوەی نوێ بۆ یەکەمجار بوو بەشداری هەڵبژاردن بکات لە خولی پێنجەمدا (٨) کورسی بەدەستهێنا.

٤–سەرجەم حزبەکان بەبەراورد لەگەڵ خولی چوارەمدا، لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەمدا ڕێژەی دەنگیان کەمی کردووە.

٥–لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمدا کە لە ٢٠١٣/٩/٢١ ئەنجامدرا، (٢,٨٠٣,٣٨٢) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو و (١,٩٦٨,٧٧٥) کەس بەشداریان کرد بەرێژەی (٧٠,٢٪)ی تێکڕای دەنگدەرانی هەرێم. بەڵام لە هەلبژاردنی خولی پێنجەمدا کە لە ٢٠١٨/٩/٣٠ ئەنجامدرا، (٣,٠٨٥,٤٦١) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو و تەنها (١,٨٤٥,٩٧٩) کەس دەنگیاندا کە دەکاتە رێژەی (٥٩,٨٣٪)ی تێکڕای دەنگدەرانی هەرێم، هەرچەندە تێبینی زۆر لەسەر ئەو ژمارەیەش هەیە.

لەکاتێکدا لە خولی پێنجەمدا بەبەراورد لەگەل خولی چوارەم (٢٨٢,٠٧٩) دەنگدەریش زیاتر مافی دەنگدانیان هەبوو، ئینجا (٣٩٨,٥٣٤) کەس لە جاری پێشوو کەمتر بەشداری دەنگدانیان کرد.

### خشتەی ژمارە (١١)

### پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە ٢٠١٣

| ژ | مێژووی لەدایکبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٩٤٠–١٩٤٩ | ١ | ٠,٩ |
| ٢. | ١٩٥٠–١٩٥٩ | ٨ | ٧,٢ |
| ٣. | ١٩٦٠–١٩٦٩ | ٣٢ | ٢٨,٨ |
| ٤. | ١٩٧٠–١٩٧٩ | ٥٦ | ٥٠,٥ |
| ٥. | ١٩٨٠–١٩٨٦ | ١٤ | ١٢,٦ |
| **کۆی گشتی** | | ١١١ | ١٠٠ |

### خشتەی ژمارە (١٢)

### پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە ٢٠١٨

| ژ | مێژووی لەدایکبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٩٥١–١٩٥٩ | ٧ | ٦,٣ |
| ٢. | ١٩٦٠–١٩٦٩ | ١٣ | ١١,٧ |
| ٣. | ١٩٧٠–١٩٧٩ | ٤١ | ٣٦,٩ |
| ٤. | ١٩٨٠–١٩٨٩ | ٤١ | ٣٦,٩ |
| ٥. | ١٩٩٠– ١٩٩٢ | ٩ | ٨,٢ |
| **کۆی گشتی** | | ١١١ | ١٠٠ |

### خشتەی ژمارە (١٣)

### پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی نەتەوایەتیەوە

| ژ | نەتەوە | هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | | هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ١. | کورد | ١٠٠ | ٩٠,١ | ١٠٠ | ٩٠,١ |
| ٢. | تورکمان | ٥ | ٤,٥ | ٥ | ٤,٥ |
| ٣. | کلدانی سریانی ئاشووری | ٥ | ٤,٥ | ٥ | ٤,٥ |
| ٤. | ئەرمەنی | ١ | ٠,٩ | ١ | ٠,٩ |
| **کۆی گشتی** | | ١١١ | ١٠٠ | ١١١ | ١٠٠ |

**تێبینی:** پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا لەڕوی نەتەوایەتیەوە هەر وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

## خشتەی ژمارە (١٤)
## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزی ژن و پیاوەوە

| ژمارە | ژمارەی ئەندامانی پیاو و ژن | هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | | هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی پەرلەمانتاران | رێژەیی | ژمارەی پەرلەمانتاران | رێژەیی |
| .١ | ژمارەی ئەندامانی پیاو | ٧٧ | ٦٩,٤٪ | ٧٧ | ٦٩,٤ |
| .٢ | ژمارەی ئەندامانی ژن | ٣٤ | ٣٠,٦٪ | ٣٤ | ٣٠,٦ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠٪ | ١١١ | ١٠٠٪ |

**تێبینی:** پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا لەڕوی جێندەرەوە هەر وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

## خشتەی ژمارە (١٥)
## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە

| ژ | بڕوانامە | هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | | هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| .١ | دکتۆرا | ١٩ | ١٧,١ | ٨ | ٧,٢ |
| .٢ | ماجستێر | ١١ | ٩,٩ | ١٦ | ١٤,٤ |
| .٣ | بەکالۆریۆس | ٥٢ | ٤٦,٨ | ٥٧ | ٥١,٣ |
| .٤ | دبلۆمی باڵا | – | – | ٣ | ٢,٨ |
| .٥ | دبلۆم | ١١ | ٩,٩ | ٩ | ٨,١ |
| .٦ | ئامادەیی | ١١ | ٩,٩ | ١١ | ٩,٩ |
| .٧ | ناوەندی | ٧ | ٦,٣ | ٤ | ٣,٦ |
| .٨ | سەرەتایی | – | – | ٣ | ٢,٧ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ | ١١١ | ١٠٠ |

**تێبینی:** پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا لەڕوی ئاستی خوێندن و بڕوانامەی ئەندامانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## خشتەی ژمارە (١٦)

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ئایینیەوە

| ژ | ئایین | هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | | هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ١. | موسڵمان | ١٠٤ | ٩٣,٧ | ١٠٤ | ٩٣,٧ |
| ٢. | مەسیحی | ٦ | ٥,٤ | ٦ | ٥,٤ |
| ٣. | ئێزیدی | ١ | ٠,٩ | ١ | ٠,٩ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ | ١١١ | ١٠٠ |

**تێبینی:** پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا لەڕوی ئایینییەوە هەر وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

## خشتەی ژمارە (١٧)

## دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی پارێزگاکان

| ژ | پارێزگا | هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣ | | هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کورسی | ڕێژەی ٪ | ژمارەی کورسی | ڕێژەی ٪ |
| ١. | هەولێر | ٣٠ | ٢٧,٠ | ٥١ | ٤٦ |
| ٢. | سلێمانی | ٤٨ | ٤٤,١ | ٣٠ | ٢٧ |
| ٣. | دهۆک | ٣٣ | ٢٨,٨ | ٢٧ | ٢٤,٣ |
| ٤. | هەڵەبجە | – | – | ٣ | ٢,٧ |
| | کۆی گشتی | ١١١ | ١٠٠ | ١١١ | ١٠٠ |

**تێبینی:** پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمدا لەڕوی شوێنی دانیشتنی ئەندامان و دابەشبوونیان بەسەر پارێزگاکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## خشتەی ژمارە (١٨)

## زانیاری لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی خولی پێنجەمی پەرلەمان

| ناوی سیانی | پۆست | فراکسیۆن | تەمەن | بڕوانامە | ژ.مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڤالا فەرید ابراهیم | سەرۆک | پارتی | ١٩٧٦ | دکتۆرا | ٠٧٥٠٤٤٧٨٨٢٦ | vala_fareed@yahoo.com |
| ڕێواز فایەق حسین | سەرۆک | یەکێتی | ١٩٧٧ | دکتۆرا | ٠٧٧٠١٤٦٦٧١٤ | rewaz.hussein@parliament.krd |
| هێمن ئەحمەد حەمەسالح | جێگری یەکەم | پارتی | ١٩٧٦ | ماستەر | ٠٧٥٠٤٤٥٤٥٥٥ | ئیمەیلی نیە لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمان |
| مونا نەبی نادر | جێگری دووەم | پێکهاتەی تورکمان | ١٩٧٨ | بکالوریوس | ٠٧٥٠٤٤٥٦٧٧٦ | muna.kahveci@parliament.krd |

**تێبینی:** بەڕێز (ڤالا فەرید ابراهیم) لە ڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ ەوە سەرۆکی پەرلەمان بوو تا ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٠ کە متمانە بە کابینە دراو ناوبراو بوو بە وەزیری هەرێم. لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١١ بەڕێز (ڕێواز فایەق حسێن) بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا.

**خشتەی ژمارە ( ١٨ )**

**دابەشبوونی کورسی فراکسیۆنەکان بەسەرپارێزگاکاندا**

**هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ. کورسی | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆک | ٪ | ٪١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ١٠ | ٢٦,٣ | ٣ | ٧,٩ | ٢٥ | ٦٥,٨ | ٪١٠٠ |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٤ | ٦ | ٢٥,٠ | ١٨ | ٧٥,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | ٣ | ١٦,٧ | ١٥ | ٨٣,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٢ | ٢٠,٠ | ٤ | ٤٠,٠ | ٤ | ٤٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ٢ | ٣٣,٣ | ٤ | ٦٦,٧ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٦ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٧ | سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ٩ | لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٢ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٢ | ١٠٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١١ | گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | ١ | ٥٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ٥٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٢ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ٢ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٣ | لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٤ | گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٥ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٦ | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٪١٠٠ |
| ١٧ | لیستی ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٪١٠٠ |
| | **کۆی گشتی** | ١١١ | ٣٠ | . | ٤٨ | . | ٣٣ | . | |

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**دابەشبوونی کورسی فراکسیۆنەکان بەسەرپارێزگاکاندا**

**هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.کورسی | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆک | ٪ | هەڵەبجە | ٪ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٥ | ٢٧ | ٦٠ | ٠ | ٠ | ١٨ | ٤٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢١ | ٨ | ٣٨ | ١٠ | ٤٧,٧ | ٢ | ٩,٦ | ١ | ٤,٧ | ٪١٠٠ |
| ٣ | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٢ | ٢ | ١٦,٧ | ٩ | ٧٥ | ٠ | ٠ | ١ | ٨,٣ | ٪١٠٠ |
| ٤ | نەوەی نوێ | ٨ | ١ | ١٢,٥ | ٦ | ٧٥ | ١ | ١٢,٥ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٤ | ٥٧,١ | ٣ | ٤٢,٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥ | ٠ | ٠ | ٢ | ٤٠ | ٢ | ٤٠ | ١ | ٢٠ | ٪١٠٠ |
| ٧ | لیستی سەردەم | ١ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ٩ | لیستی رافیدەین | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١٠ | لیستی میللەت | ١ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١١ | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١٢ | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٣ | ٢ | ٦٦,٧ | ٠ | ٠ | ١ | ٣٣,٣ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١٣ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١٤ | لیستی چاکسازی تورکمانی | ١ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١٥ | پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | ٢ | ٢ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ١٦ | لیستی ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ٪١٠٠ |
| | **کۆی گشتی** | ١١١ | ٥١ | . | ٣٠ | . | ٢٧ | . | ٣ | . | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**دابەشبوونی ژمارەی کورسی بەدەستهاتووی پارێزگان بەسەر فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا**

**هەڵبژاردنی خولی چوارەم ساڵی ٢٠١٣**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ. کورسی | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆک | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ١٠ | ٣٣,٣ | ٣ | ٦,٣ | ٢٥ | ٧٥,٨ |
| ٢ | بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٤ | ٦ | ٢٠ | ١٨ | ٣٧,٥ | ٠ | |
| ٣ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | ٣ | ١٠ | ١٥ | ٣١,٣ | ٠ | |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٢ | ٦,٧ | ٤ | ٨,٣ | ٤ | ١٢,١ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ٢ | ٦,٧ | ٤ | ٨,٣ | ٠ | |
| ٦ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢,١ | ٠ | |
| ٧ | سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢,١ | ٠ | |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢,١ | ٠ | |
| ٩ | لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٢,١ | ٠ | |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠,٠ | ٢ | ٦,١ |
| ١١ | گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | ١ | ٣,٣ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ٣ |
| ١٢ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ٢ | ٦,٧ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | |
| ١٣ | لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | ٣,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | |
| ١٤ | گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ١ | ٣,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | |
| ١٥ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | ٣,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | |
| ١٦ | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | ١ | ٣,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | |
| ١٧ | لیستی ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ٣ |
| | **کۆی گشتی** | ١١١ | ٣٠ | ٪١٠٠ | ٤٨ | ٪١٠٠ | ٣٣ | ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**دابەشبوونی ژمارەی کورسی بەدەستهاتووی پارێزگان بەسەر فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا**

**هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.کورسی | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆک | ٪ | هەڵەبجە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٥ | ٢٧ | ٥٣ | ٠ | ٠ | ١٨ | ٦٧ | ٠ | ٠ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢١ | ٨ | ١٦ | ١٠ | ٣٣ | ٢ | ٧ | ١ | ٣٣ |
| ٣ | بزوتنەوەی گۆران | ١٢ | ٢ | ٤ | ٩ | ٣٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣٣ |
| ٤ | نەوەی نوێ | ٨ | ١ | ٢ | ٦ | ٢٠ | ١ | ٤ | ٠ | ٠ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ٤ | ٨ | ٣ | ١٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥ | ٠ | ٠ | ٢ | ٧ | ٢ | ٧ | ١ | ٣٣ |
| ٧ | لیستی سەردەم | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩ | لیستی رافیدەین | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٤ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | لیستی میللەت | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١١ | ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٤ | ٠ | ٠ |
| ١٢ | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٣ | ٢ | ٤ | ٠ | ٠ | ١ | ٤ | ٠ | ٠ |
| ١٣ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٤ | لیستی چاکسازی تورکمانی | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٥ | پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | ٢ | ٢ | ٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٦ | لیستی ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٤ | ٠ | ٠ |
| | **کۆی گشتی** | ١١١ | ٥١ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٢٧ | . | ٣ | ١٠٠ |

## خشتەی ژمارە ( ٢١ )

## بروانامەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان لە خولی پێنجەم ساڵی ٢٠١٨

| فراکسیۆن | ژ.کورسی | دکتۆرا | ماجستێر | دبلۆمی باڵا | بەکالۆریۆس | دبلۆم | ئامادەیی | ناوەندی | سەرەتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٥ | ٣ | ١٣ | ٢ | ١٩ | ٣ | ٤ | ١ | ٠ |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢١ | ١ | ٢ | | ١٠ | | ٥ | ١ | ٢ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ١٢ | ٠ | ٠ | ١ | ٥ | ٢ | ١ | ٢ | ١ |
| نەوەی نوێ | ٨ | ٠ | ١ | ٠ | ٤ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٧ | ١ | ٠ | ٠ | ٥ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥ | ٢ | ٠ | ٠ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| لیستی سەردەم | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| لیستی ئازادی | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| لیستی رافیدەین | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| لیستی میللەت | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| بەرەی تورکمانی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| چاکسازی تورکمانی | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| پارتی گەشەپێدانی تورکمانی | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| **کۆی گشتی** | ١١١ | ٨ | ١٦ | ٣ | ٥٧ | ٩ | ١١ | ٨ | |

## هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەرلەمان

**لە ( ٠٦/١١/ ٢٠١٨ تا ٣١/٠٨/٢٠١٩ )**

ئەرکەکانی پەرلەمان بەپێی ڕێکخستنێك ریزبەند دەکەین کە تەواوکەری یەکن بۆ بەجێگەیاندنی کاری پەرلەمان، بەکارو کاروچالاکی و شێوەی دابەشبوونی لیژنەکان دەسپێدەکەین، لیژنەکان بڕبڕەی پشت و مەرجی کارایی هەر پەرلەمانێکە، کۆبونەوە و گفتوگۆی هەفتانەی لیژنەکان لەپێناو نوسینی راپۆرت لەسەر پشنیاز و پرۆژە یاساکان لە کارە یەکەمەکانی لیژنەیە، لەم لەبەشەدا بە چەند خشتەیەك سەرجەم وردەکاریەکانی لیژنەکان خراوەتە ڕوو، پاشان دانیشتنەکانی پەرلەمان و وردەکاری دانیشتنەکە، کە دەبێتە هۆکاری دەرچوانی یاسا و بڕیارەکان، بۆ ئەم وردەکارییەش چەند خشتەیەکی تر ئامادەکراوە، پاشان بەدواداچوون بۆ چاودێری کاری حکومەت و شێوازی جێبەجێکردنی یاساکان و بانگهێشتی وەزیر و پلە تایبەتیەکانی تری حکومەت بۆ پەرلەمان و پرسیارکردن لێیان بەشێك دەبێت لەراپۆرتەکان، کە لەم ئەم راپۆرتەدا پەرلەمان بەم کارە هەڵنەساوە.

بەپێی ئەم زنجیرەی خوارەوە وێنەی پەرلەمان دەخەینەڕوو، وە هەڵسەنگاندن بۆ ئەرکەکانی دەکەین:

**یەکەم:** لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان (شیوەیان و وردەکاری کارەکانی لیژنەکان):

**دووەم:** دانیشتنەکانی پەرلەمان: ووردەکاری بەرێوەچوونی دانیشتنەکە، تێبینیەکانی سەر دانیشتنەکان، هەژماری ئامادەبوونی پەرلەمانتاران .

**سێیەم:** ناوی ئەو پێشنیاز و پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

**چوارەم:** یاسا پەسەندکراوەکان.

**پێنجەم:** بڕیارە دەرچووەکان.

**شەشەم:** ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشکراوە و خوێندنەوەی بۆ نەکراوە.

**حەوتەم:** چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

**هەشتەم:** بودجە و ژمێرەی کۆتایی.

## یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان

پەرلەمانی کوردستان لە (١٥) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پرۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان. لە (١٠٨) ئەندامی پەرلەمان کە ئەندامی لیژنەکانن، (٥٧) پەرلەمانتار لە دوو لیژنە ئەندامن و (٥١) پەرلەمانتار تەنها لە یەك لیژنە ئەندامن. لە خشتەی یەکەمدا دابەشبوونی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا بەپێی بڕوانامەیان دەخەینەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**دابەشبوونی ژمارەی ئەندامان لە لیژنەکاندا بە پێی بڕوانامە**

| ژ | ناوی لیژنە | دکتۆرا | ماجستێر | دبلۆمی باڵا | بەکالۆریۆس | خوار زانکۆیی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | ٠ | ٣ | ٠ | ٨ | ٠ | ١١ |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری | ١ | ١ | ١ | ٦ | ١ | ١٠ |
| ٣ | پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان | ٠ | ٠ | ٠ | ٦ | ٤ | ١٠ |
| ٤ | کشتوکاڵ و ئاودێری | ٤ | ٠ | ٠ | ٤ | ٣ | ١١ |
| ٥ | پەروەردە و خوێندنی باڵا | ٢ | ٢ | ٠ | ٦ | ١ | ١١ |
| ٦ | کاروباری تەندروستی و ژینگە و ماف بەکاربەر | ٢ | ١ | ١ | ٧ | ٠ | ١١ |
| ٧ | کاروباری شەهیدان وجینۆساید و زیندانیانی سیاسی | ١ | ١ | ٠ | ٤ | ٥ | ١١ |
| ٨ | پەیوەندییەکان ورەوەندی کوردستانی | ٠ | ٤ | ٠ | ٥ | ٢ | ١١ |
| ٩ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم | ١ | ٠ | ٠ | ٣ | ٧ | ١١ |
| ١٠ | وزە وسامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی | ١ | ٤ | ٠ | ٥ | ١ | ١١ |
| ١١ | شارەوانی وگواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار | ٠ | ٠ | ١ | ٧ | ٣ | ١١ |
| ١٢ | رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان | ٠ | ١ | ١ | ٧ | ٢ | ١١ |
| ١٣ | دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | ٠ | ٠ | ٠ | ٧ | ٣ | ١٠ |
| ١٤ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ٢ | ١ | ٠ | ٦ | ٢ | ١١ |
| ١٥ | کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لە مافی مرۆڤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٦ | ٣ | ٩ |
| | **کۆی گشتی** | ١٤ | ١٨ | ٤ | ٨٧ | ٣٧ | ١٦٠ |

لەم خشتانەدا ووردەكاری شێوەی لیژنەكان دەخەینەڕوو:

لەبەر قەبارەی خشتەكە، ناوی فراكسیۆنەكان و بەشێك لە بروانامەكان و ناوی دەستەی سەرۆكایەتی كورت دەكەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

| ژ | ناوەكان | كورتكراوەكەی |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموكراتی كوردستان | (پ.د.ك) |
| ٢ | یەكێتی نیشتمانی كوردستان | (ی.ن.ك) |
| ٣ | بزووتنەوەی گۆڕان | (گۆڕان) |
| ٤ | جوڵانەوەی نەوەی نوێ | (نەوەی نوێ) |
| ٥ | كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان | (كۆمەڵ) |
| ٦ | یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان | (یەكگرتوو) |
| ٧ | لیستی سەردەم | (سەردەم) |
| ٨ | هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوەیی | (هـ.ی.ن) |
| ٩ | پارتی گەشەپێدانی توركمانی | (پ.گ.ت) |
| ١٠ | پارتی چاكسازی توركمان | (پ.چ.ت) |
| ١١ | ئەنجومەنی گەلی كلدانی سریانی ئاشووری | (كلدانی) |
| ١٢ | بەرەی توركمانی | (ب.ت) |
| ١٣ | سەرۆكی لیژنە | سەرۆك |
| ١٤ | جێگری سەرۆك | ج.سەرۆك |
| ١٥ | بڕیاردەری لیژنە | بڕیاردەر |
| ١٦ | دكتۆرا | د. |
| ١٧ | ماجستێر | م. |
| ١٨ | دبلۆمی باڵا | د.باڵا |
| ١٩ | بەكالۆریۆس | ب. |

## خشتەی ژمارە (٢٣)

## پوختەی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان:

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی | ١٥ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری | ٧ |
| ٣ | لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ وئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ٩ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری | ٦ |
| ٥ | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ٦ |
| ٦ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەرکاربەر | ٨ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | ٨ |
| ٨ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی | ٧ |
| ٩ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم | ٦ |
| ١٠ | لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی | ٥ |
| ١١ | لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتو گوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | ٤ |
| ١٢ | لیژنەی رۆشنبیریی و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان | ٤ |
| ١٣ | لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | ٥ |
| ١٤ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ٢ |
| ١٥ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و لەمافی مرۆڤ | ٤ |
| | **سەرجەم** | **٩٦** |

بەپێی برگەی (٢) لە مادەی (٣٠) ی پەیرەوی ناوخۆ، لیژنەکان بەلای کەمەوە دەبێت مانگی (٢) جار کۆببنەوە، لەم خولی گرێدانەدا کە چوار مانگەو (١٥) رۆژیش ماوەکەی درێژکرایەوە، پێویست بوو بەلای کەمەوە هەریەك لە لیژنەکان (٩) کۆبوونەوەیان ئەنجامدابێت، بەڵام ئەوەی لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لیژنەکان کەمتەرخەم بوونەو بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون.

## دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان:

وورد‌ەکاری بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە، تێبینیەکانی سەر دانیشتنەکان، هەژماری ئامادەبوونی پەرلەمانتاران:

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

**خشتەی دانیشتنەکانی پەرلەمان:**

| ژ | ڕۆژی بانگهێشت | ڕۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی برگەی کار | برگەی جێبەجێکراو | برگەی دواخراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٨/١١/٠٤ | ٢٠١٨/١١/٠٦ | دانیشتنی سوێند خواردن | ٢ | ١ | ١ |
| ٢ | ٢٠١٩/٠٢/١٦ | ٢٠١٩/٠٢/١٨ | تەواوکردنی دانیشتنی یەکەم | ٢ | ٢ | ٠ |
| ٣ | ٢٠١٩/٠٢/٢٤ | ٢٠١٩/٠٢/٢٤ | ژمارە (١) نا ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ٤ | ٢٠١٩/٠٢/٢٧ | ٢٠١٩/٠٣/١ | ژمارە (١) ئاسایی | ٣ | ٣ | ٠ |
| ٥ | ٢٠١٩/٠٣/١٠ | ٢٠١٩/٠٣/١٢ | ژمارە (٢) ئاسایی | ٢ | ٢ | ٠ |
| ٦ | ٢٠١٨/٠٣/٢٨ | ٢٠١٩/٠٣/٣٠ | ژمارە (٣) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ٧ | ٢٠١٩/٠٣/٣١ | ٢٠١٩/٠٤/٠٢ | ژمارە (٤) ئاسایی | ١ | ١ | دواخرا |
| ٨ | ٢٠١٩/٠٣/٣١ | ٢٠١٩/٠٤/٠٣ | ژمارە (٤) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ٩ | ٢٠١٩/٠٤/٠٨ | ٢٠١٩/٠٤/١٠ | ژمارە (٥) ئاسایی | ١ | ١ | دواخرا |
| ١٠ | ٢٠١٩/٠٥/٠٦ | ٢٠١٨/٠٥/٠٨ | ژمارە (٥) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ١١ | ٢٠١٩/٠٥/٢٦ | ٢٠١٩/٠٥/٢٨ | ژمارە (٦) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ١٢ | ٢٠١٩/٠٦/٠٨ | ٢٠١٩/٠٦/١٠ | ژمارە (٧) ئاسایی | ٢ | ١ | ١ |
| ١٣ | ٢٠١٩/٠٦/١٠ | ٢٠١٩/٠٦/١١ | ژمارە (٨) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ١٤ | ٢٠١٩/٠٦/٢٧ | ٢٠١٩/٠٦/٣٠ | ژمارە (٩) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ١٥ | ٢٠١٩/٠٧/٠٤ | ٢٠١٩/٠٧/٠٦ | ژمارە (١٠) ئاسایی | ٣ | ٣ | ٠ |
| ١٦ | ٢٠١٩/٠٧/٦ | ٢٠١٩/٠٧/٠٧ | ژمارە (١١) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ١٧ | ٢٠١٩/٠٧/٠٧ | ٢٠١٩/٠٧/٠٨ | ژمارە (١٢) ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ١٨ | ٢٠١٩/٠٧/٠٨ | ٢٠١٩/٠٧/١٠ | ژمارە (١٣) ئاسایی | ٣ | ٣ | ٠ |
| ١٩ | ٢٠١٩/٠٧/١٠ | ٢٠١٩/٠٧/١١ | ژمارە (١٤) ئاسایی | ٣ | ٣ | ٠ |
| ٢٠ | ٢٠١٩/٠٧/٣٠ | ٢٠١٩/٠٨/٠١ | ژمارە (٢) نا ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| ٢١ | ٢٠١٨/٠٨/١ | ٢٠١٩/٠٨/٠٣ | ژمارە (٣) نا ئاسایی | ١ | ١ | ٠ |
| سەرجەم | | | ١٩ | ٣٣ | ٣١ | ٢ |

## تێبینی سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان و زانیاری لەسەر ئامادەبوونی پەرلەمانتاران

**دانیشتنی دەستپێك بۆ سوێند خـواردن:** یەکـەم کۆبوونـەوەی خـولی پێنجـەمی پەرلـەمانی کوردسـتان لـە (٢٠١٨/١١/٦) بەمەبەستی سـوێند خـواردنی پـاڵێوراوان بەسـترا، لـە یەکـەم دانیـشتندا چـەند پێـشێلکاری لـە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا کرا:

١. بـەپێی برگـەی دووەم لـە مـادەی (١١)ی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، دەبوایـە هـەر هـەمان ڕۆژ دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان هەڵبژێردرایـە، بـەڵام تـەنها مەراسـیمی سـوێند خـواردنی پەرلـەمانتاران ئەنجامدرا، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی مـادەی یەکـەمی پـەیڕەو دانیـشتنی پەرلـەمان لـە شـەو و ڕۆژێکدایـەو ناکرێـت دانیـشتن بـەکراوەیی بهێڵدرێتـەوە، ئەمـەش یەکـەم پێـشێلی پـەیڕەو بـوو لەلایـەن خـولی پێنجـەمی پەرلەمانەوە ئەنجامدرا.

٢. دانیشتنەکە (١٠٣) ڕۆژ بەکراوەیی مایەوە، و ڕۆژی (٢٠١٩/٠٢/١٨) دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا.

٣. بەشێك لەپەرلەمانتاران لەساتی سوێند خواردنەکەدا پەیوەست نەبوون بـەو دەقـە یاسـاییەی سـوێند کە لە مادەی (١٢)ی پەیڕەودا هاتووە.

٤. لەساتی خستنە دەنگدانی پێشنیاری دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، چـەند ئەنـدامێك ویـستیان بە (نقطة النظام) خاڵی پەیڕەوی رای خۆیان دەربـبڕن، بـەڵام لەلایـەن سـەرۆکی تەمەنـەوە ڕێگـەیان پێنـەدرا، ئەمەش پێشێلی پەیڕەو بوو.

هەریەك لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یـەکگرتوو، ئـازادی، هاوپـەیمانی یـەکێتی نەتـەوەیی، ئەنجومەنی گەلی کلدان سریان ئاشوری، رافیدەین، پارتی گەشەپێدانی تورکمان، پارتی چاکسازی تورکمـان، میللـەت، سـەردەم) پێـشنیارێکی نایاسـاییان کـرد سـەبارەت بـە هەڵنەبـژاردنی دەسـتەی سـەرۆکایەتی و هێشتنەوەی دانیشتنەکە بە کراوەیی.

ئامادەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنی یەکدا بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبوان | ١٠٨ |
| ناو و ژمارەی ئەوانەی ئامادەنەبوون بۆ سوێندخواردن | ١-قوباد جەلال حیسامەدین<br>٢-شاسوار عبدالواحید<br>٣-شعبان عەلی شەعبان |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ٠ |
| تێبینی | ٠ |

**تەواوکەری دانیشتنی دەستپێك:** لـەدوای (١٠٣) ڕۆژ گفتوگۆ و دانوسـتاندن، سـەرۆکی تەمـەنی پەلـەمان، ڕۆژی (٢٠١٩/٠٢/١٨) کاتژمێر (١١)ی بۆ تەواوکردنی کۆبوونەوەی یەکـەمی پەرلـەمان بەمەبەسـتی هەڵبـژاردنی

دەستەی سەرۆکایەتی دیاری کردبوو، هەریەك لە فراکسیۆنەکانی (پارتی دیموکرات و نەوەی نوێ) کاندیدیان بۆ پۆستەکانی سەرۆکایەتی هەبوو، بەپێی گفتوگۆکان دەبوو یەکێتی نیشتیمانیش کاندیدی خۆی بنێریت، هاوکات پێکهاتەی تورکمانیش کاندید بۆ پۆستی سکرتێری پەرلەمان هەبوو.

لە ناو پەرلەمان سەرۆکی فراکسیۆنەکان جگە لەسەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە کۆبوونەوەدا بوون لەگەڵ سەرۆکی تەمەنی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەر داوایەکی فراکیسۆنی یەکێتی بۆ دواخستنی دانیشتنەکە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر، لە دەرەوەی پەرلەمانیش کۆبوونەوەی نێوان (پارتی دیموکرات و بزووتنەوەی گۆڕان) هەبوو بۆ واژووکردنی ڕێککەوتنی نێوانیان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان بەمەبەستی بەشداری لە کابینەی نوێ. دوای کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان، سەرۆکی تەمەن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدی ڕایگەیاند: دانیشتنی پەرلەمان بۆ کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دواخرا.

ڕێڤنگ محەمەد هروری، وتیشی: "پاش راوێژکاریی زۆرینەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، هەموان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەمڕۆ، وەك بڕیاری لێدراوە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، و لەپێناو زیاتر دەرفەت ڕەخساندن بۆ پێکەوە بوون و ئامادەبوونی تەواوی پەرلەمانتاران، زۆرینەی فراکسیۆنەکان پێکەوە پێشنیازیان کرد کۆبوونەوەی پەرلەمان ٣ی پاش نیوەڕۆ ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەی داوای هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ٢٤ سەعات بوو، بەڵام بڕیارە سەعات ٣ی ئێوارە، پەرلەمان کۆبوونەوەکەی خۆی ئەنجام بدات".

پاشان هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش بڵاوبوویەوە، کە بەپێی ڕێکەوتنی (٥ی شوبات)ی نێوان یەکێتی و پارتی، دەبوو هاوکاتی کۆبوونەوەی پەرلەمان، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش بکرێ سەبارەت بە دانانی پارێزگاری کەرکوك .

کاتژمێر (٣) دانیشتنەکە دەستی پێکرد، فراکسیۆنی یەکێتی بەشداریان نەکرد و هەریەك لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتووی ئیسلامی و لیستی ئازادی)ش لەکاتی دەنگداندا دانیشتنەکەیان بایکۆت کردوو لیستی کۆمەڵی ئیسلامیش دەنگی بە هیچ کاندیدێك نەدا .

بۆ هەر پۆستێك (٢) کاند هەبوو، ژمارەی دەنگەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| پۆست | ناوی کاندید | فراکسیۆن | ژمارەی دەنگ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| سەرۆکی پەرلەمان | ڤالا فەرید | فراکسیۆنی پارتی | ٦٣ | سەرۆکی کاتی |
| | سیپان سالم | فراکسیۆنی نەوەی نوێ | ٨ | سێ دەنگ سپی |
| جێگری سەرۆك | هێمن ئەحمەد | فراکسیۆنی پارتی | ٦٨ | |
| | کاوە عەبدولقادر | فراکسیۆنی نەوەی نوێ | ٨ | |
| سکرتێری پەرلەمان | مونا نەبی | پێکهاتەی تورکمان | ٦٠ | |
| | موژدە مەحمود | فراکسیۆنی نەوەی نوێ | ٨ | |

به پێی مادەی (٢١) برگەی (دووەم)ی پەیڕەوی ناوخۆ لەدووای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لیژنەیەك بەمەبەستی دروستیی ئەندامان پێك بهێنرێت،[1] بەڵام ئەم لیژنەیە پێك نەهێنراو ئەمەش پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ بوو.

ئامادەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکەدا بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٧٦ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | ٠ |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ٠ |
| تێبینی | فراکسیۆنی یەکێتی بەشدار نەبوو، فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو و ئازادی دوای دەست پێکردن، بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد. |

**دانیشتنی ژمارە یەکی نائاسایی:** ڕۆژی (٢٠١٩/٠٢/٢٦) دانیشتنی ژمارە(١) نائاسایی بەسترا، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی بوو، لەوبارەیەوە (هێمن هەورامی) جێگری سەرۆکی پەرلەمان، لە وتەیەکدا ئاماژەیکرد بۆ ووردەکاری پێکهێنانی لیژنەی یاسایی و وتی:"دوو کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی کراوە لەبارەی پێکهێنانی لیژنەی یاسایی، لەسەر بنەمای پاراستنی پرەنسیپی تەوافوق و سازان لەژێر ڕۆشنایی حوکم و مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان توانیمان بگەینە تەوافوقێك لەسەر پێکهێنانی لیژنەکە کە بەشێوەیەك بێت کۆی پێکهاتە و فراکسیۆنەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە".

ڕاشیگەیاند:"لیستی هاوپەیمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سوسیالیست بە ٤٦ کورسییەوە ٥ ئەندامییان بەردەکەوت، ئەندامێکی بەشی خۆیان بەخشی بە فراکسیۆنەکانی تورکمان کەسەرجەمییان لەسەر کاندیدکردنی ئەندامێك ڕێککەوتبوون".

هەروەها ڕایگەیاند:" تا ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمانیش لەپەیوەندیدابوون لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی لەبارەی کاندیدەکانیان بۆ لیژنەکە، بەڵام تائێستا فراکسیۆنی یەکێتی ناوی هیچ ئەندامێکییان بۆ نەناردووین".

بەر لەخستنەرووی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووەوە لەڕێگەی خاڵی نیزامییەوە تێبینیی خۆیان لەبارەی پێنەدانی ئەندامێك بەفراکسیۆنەکەیان خستەروو، هەروەك ڕەخنەشی لەپرۆسەکە گرت.

(١)–برگەی (٢) لە مادەی (٢٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان: ٢–لە دووەم دانیشتنی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان و بە ڕێگەی هەلبژاردن لیژنەیەکی کاتی بەناوی (لیژنەی تێڕوانین لە دروستی ئەندامێتی) پێکدەهێنرێت لە ژمارەیەك نابێت لە پێنج ئەندام کەمتر بێت بەمەرجێك نابێت ئەو کەسانەی تانە لە دروستی ئەندامێتیان دراوە ببنە ئەندامی ئەو لیژنەیە.

(هەورامان حەمە شەریف) لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، لەسەر پێکنەهێنانی هەموو لیژنەکان پێکەوە، خاڵی پەیڕەوی وەرگرت و رایگەیاند: "کە بەپێی ماددەی (٢٨) برگەی یەکەم،[٢] دەبێت هەموو لیژنەکان بەیەکەوە هەڵبژێردرێن، بۆیە داواکارم سەرۆکایەتی رونکردنەوە بدات کە بۆچی لیژنەی یاسایی جیاکراوەتەوە و دانیشتنێکی نائاسایی تایبەت کراوە بە لیژنەی یاسایی".

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: "پەیڕەو دەڵێت لیژنە هەمیشەییەکان نالێت هەموو لیژنەکان، بۆیە ئاساییە کە بەتەنها لیژنەی یاسایی درووستبکرێت، وەئەگەر بگەڕێنەوە بۆ هەموو خولەکانی تریش یەکەم کار هەڵبژاردنی لیژنەی یاسایی بووە، کاری پەرلەمانی ئەدا ناکرێت ئەگەر لیژنەی یاسایی درووست نەکرێت".

دوای دانیشتنەکە، (ئەبوبەکر هەڵەدنی) ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو، لە کۆنفراسێکی رۆژنامەونیدا رایگەیاند: "لیژنەی یاسایی رۆح و جەوهەری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، یەکگرتوو کە خاوەنی زیاتر لە ٨٠ هەزار دەنگە بێ بەشکرا لەو لیژنەیە".

ئاماژەی بەوەشکرد فراکسیۆنەکەیان کاندیدێکیان بۆ ئەو لیژنەیە هەبوو کە خاوەنی ٢٠ساڵ ئەزموونی یاساییە و بێبەشکردنی یەکگرتوو بۆ ئەندام بوونی ئەو لیژنەیە سزادانی فراکسیۆنەکەیانە لە بەرامبەر هەڵوێستەکانیان و ئەو کارەی دەستەی سەرۆکایەتی بە یەکەمین پێشێلکاری دادەنێن بەرامبەر بە فراکسیۆنەکەیان کراوە. وتیشی" ئەوەی دەکرێت بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێت و ئەو یاسانەی دەیانەوێت بە بێ گرفت دەری بکەن، بە تایبەت کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم".

لە لایەکی دیکەوە (ئۆمێد خۆشناو) سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانیدا، ڕەتی کردوە سزای سیاسی هیچ فراکسیۆنێکیان دابێت، بەڵکو دابەشکردنەکە بە گوێرەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بووە.

یەکێکی تر لە خاڵە ناپەیڕەوییەکان ئەوەبوو، کە تەنها بەشێك لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی هەڵبژێردران و لیژنەکانی تریش دواخران، ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەو و نەریتی خولەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بوو.

ئامادەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکەدا بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٧٩ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | ٠ |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ٠ |
| تێبینی | ١١ ئەندامی پەرلەمان ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون بەلام ناوی ئامادەنەبووان بلاونەکرایەوە، جگە لەمە (٢١) ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتیش بەشدار نەبوو |

(٢)–لیژنە هەمیشەییەکان لە ماوەی (٢٥) رۆژدا لە رێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن .

**دانیشتنی ژمارە یەك:** رۆژی (٢٠١٩/٠٣/٠١) دانیشتنی ژمارە (١) ئاسایی لە خولی بەهارەی بەسترا ، بەرنامەی دانیشتنەکە بریتی بوو لە کردنەوەی خولی بەهارە لەساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، سەرۆکی پەرلەمان لەبارەی کردنەوەی خولی بەهارە وتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا رایگەیاند: "هەوڵدەدەین لەو خولەدا پرۆژە و پێشنیازەکانی پەیوەست بەژیانی خەڵکی، بەچاکسازی و رێکخستنەوەو کاراکردنەوەی دەزگاکانی میری ببنە ئەو لەوییەت و کاری لەپێشینە".

راشیگەیاند: "بۆیە داوا لەسەرجەم فراکسیۆن و پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان دەکەین بەگیانی هەستکردنی نەتەوایەتی و نیشتیمانییەوە کاربکەن بۆ پێکەوە سازان و کارکردن، بەتایبەتی لەسەر ئەو پرس و یاسایانەی کە رەهەندی نیشتیمانییان هەیە، وەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیش ئێمە هەوڵدەدەین رۆڵی خۆمان بێلایەنانە وەك راوێژکار و لێك نزیك کردنەوەی لایەن و فراکسیۆنەکان بۆ گەیشتنە رێککەوتن و سازان کار دەکەین". سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی خستەروو کە لەم خولەی پەرلەماندا پرەنسیپی کاری پێکەوەیی و چاکسازی لەسەرجەم دامودەزگاکانی هەرێم دەخەینە پێشەوەی کاری پەرلەمانی و لەو چوارچێوەیەشدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەر لەئێستاوە پرۆسەی چاکسازیی بەهاوکاریی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەستپێکردووەو هیواداریشین سەرجەم فراکسیۆنەکانی دیکەش هاوکاریی پرۆسەکە بن.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٨٦ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | ٠ |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١-مەم اسكندر<br>٢-بدريه اسماعيل<br>٣-سۆران عمر<br>٤-هەورامان عمر |
| تێبینی | یەکێتی بەشدار نەبوو |

**دانیشتنی ژمارە دوو:** دانیشتنی ژمارە(٢) ئاسایی لەخولی بەهارە لە (٢٠١٩/٠٣/١٢) بەسترا، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە دوو خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەم بریتی بوو لە سوێندخواردنی پاڵێوراو (راهی رەهبەر) لە شوێنی (قوباد جەلال حیسامەدین) کە سوێندی یاسایی نەخواردبوو، خاڵی دووەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە زیادکردنی دوو ئەندام بۆ سەر لیژنەی یاسایی (ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی کە لە کۆبوونەوەی پێشتر بەشدار نەببون) و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و دەنگدان لەسەریان بەپێی مادەکانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

بەجیا ناوی ئەندامانی هەر ١٤ لیژنە هەمیشەییەکەی پەرلەمان کە مابوون خوێندرانەوە و بەجیا خرانە دەنگدانەوە و پەسندکران، ئەمەش ناڕەزایەتی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنی لێکەوتەوە.

ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتوو، رایانگەیاند: دەبوو مافی ئۆپۆزسیۆن لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا بپارێزرایە و داواکارین ئەو مافە بۆ فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن بگێڕنەوە.

لەپاش درووستبوونی ناڕەزایەتی، سەرۆکی پەرلەمان داوای لەجێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد روونکردنەوەی یاسایی لەبارەی چۆنیەتیی دانان و میکانیزمەکانی دابەشکردنی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر لیژنەکاندا بخاتەڕوو، لەلایەن خۆیەوە جێگری سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: "دانانی نوێنەری فراکسیۆنەکان لەئەندامییەتی لیژنەکان بەپێی چەند کۆبوونەوەیەك لەنێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتی بووە. چەند پێشنیازێك بۆ چۆنیەتیی دانان و میکانیزمەکانی جێکردنەوەی نوێنەری فراکسیۆنەکان لەئەندامییەتی لیژنەکان خرانەڕوو، لەوانە: پەیڕەوکردنی سانتلیگۆ بەرێژەی (1.7) یاخود (1.6)، کە ئەم پێشنیازەش وای دەکرد زیاتر فراکسیۆنە گەورەکان نوێنەریان هەبێت، بۆیە بڕیاردرا بۆئەوەی زۆرترین پێکهاتەو فراکسیۆن جێگایان بۆ بکرێتەوە کارمان بە سانتلیگۆ بەرێژەی (1.4) کرد و ئەمەش بەڕەزامەندیی سەرجەم فراکسیۆنەکان بوو. بۆیە ئەوەی پەیڕەو کراوە لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا بەرکارەکان بووە".

پاش ئەوەی روونکردنەوەکە قبوڵ نەکرا، ئەندامانی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە جێگەکانیانەوە کەوتنە قسەکردن، سەرۆکی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٥٧) بڕگەی (٤) داوای کرد فراکسیۆنی نەوەی نوێ دانیشتنەکە بەجێ بهێڵن.

پاشان (کازم فاروق) سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، دوای جێهێشتنی دانیشتنی پەرلەمان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "ئەوەی لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان ڕوویدا کودەتا بوو لەسەر یاسا و پرۆسەی دیموکراسی و پەرلەمانی کوردستان، کە گەورەترین فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن بەپلانی دەسەڵاتداران بێ بەشکران لەلیژنەکانی دارایی و سامانە سروشتیەکان". ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو بێبەشکردنەی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بێبەشکردنی خەڵکە لە زانینی قوت و داهات و شەفافیەتی نەوت". راشیگەیاند، ئەوەی کرا لە پەرلەمان بۆ ئەوەبوو نەتوانرێت چاودێری نەوت و داهات و موچە بکرێت، بۆیە ئەمڕۆ بەرگریمان کرد و داوامان لە دەستەی سەرۆکایەتی کرد بێلایەنی خۆیان بپارێزن بەڵام نەکرا".

(ئومێد خۆشناو) سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "بۆ جێبەجێککردنی ئەو ماددەیەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکان، پێویستە پەرلەمان لە ماوەی هەفتەیەك سەرۆکایەتی لێژنەکان دیاری بکات و بەشێوەی سانتلیگۆ دابەش بکرێت".

ئومێد خۆشناو وتیشی، "هیچ بایکۆتێك لەکۆبونەوەکە نەبووە، نارەزایی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتو ئاساییە، چونکە ئەندامی ئێمەش هەیە نارەزایی هەبووە، بەلآم دلنیایی بەهەموو فراکسیۆنەکان دەدەین هیچ بابەتێکی سیاسی هۆکاری دابەشکاری سەرۆکایەتی لیژنەکان نەبووە، بەلکو دابەشکاری زانستی بووە بەپێ کورسیەکان.

بەپێی دابەشکاریەکە، فراکسیۆنی پارتی و سەردەم (١٩) پۆستیان دەبێت، کە پێکدێت لە حەوت سەرۆك لیژنە و حەوت جێگر و پێنج بریاردەری لیژنە، یەکێتی هەشت پۆستی دەبێت، سێ سەرۆك لیژنە و سێ جێگر و دوو بریاردەری لیژنە، گۆران پێنج پۆستی دەبێت، دوو سەرۆك لیژنە و دوو جێگر و یەك بریاردەری لیژنە، نەوەی نوێ و کۆمەڵ هەریەکە و سێ پۆستیان دەبێت، یەك سەرۆك لیژنە و یەك جێگر و یەك بریاردەری لیژنە، یەکگرتوو تەنها جێگر و بریاردەری لیژنەی دەبێت و سەرۆکایەتی هیچ لیژنەیەك وەرناگرێت، تورکمانەکانیش دوو بریاردەر و یەك سەرۆك لیژنە، هەروەها شیوعی هیچی بەرناکەوێت.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٨٣ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | ٠ |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١-چیا حمد<br>٢-سەرچنار احمد<br>٣- صباح محمود<br>٤-هەورامان عمر<br>٥- شێرکۆ جودت<br>٦-مسلم عبدالله<br>٧-عبدالستار مجید |
| تێبینی | یەکێتی بەشدار نەبوو |

**دانیشتنی ژمارە سێ:** دانیشتنی ژمارە(٣) ئاسایی لەخولی بەهارە لە (٢٠١٩/٠٣/٣٠) بەسترا لەم دانیشتنەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تاپەسندکردنی دەستوور کرا.

دانیشتنەکە بووە جێگەی مشتومڕ، فراکسیۆنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان خاڵی پەیرەوییان هەبوو بەرامبەر بەرنامەی کاری دانیشتنەکە،بەوەی کە ئەوانیش چەند پرۆژە یاسایەکیان بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرزکردۆتەوە، بەلآم نەخراونەتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەوە.

لەبەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، رونکردنەوەی لەسەر چەند خاڵێکی ناو پەیرەودا و نەچووە سەر وەڵامی ئەوەی بۆچی پرۆژە یاسای ئەو فراکسیۆنانەی تریان لە بارەی سەرۆکایەتی هەرێم نەخۆستۆتە بەرنامەی کارەوە.

پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان–عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تاپەسندکردنی دەستوور، بەئیمزای ٦٨ پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆڕان، سۆسیالیست، ئازادی، پێکهاتەکان) پێشکەش بەسەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرا و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەنووسراوی ژمارە ٢٦ لە ٢٨/٣/٢٠١٩، ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کرد و لیژنەی یاسایی–یش لەهەمان رۆژ کۆبویەوەو لەکۆبونەوەکەدا بەزۆرینەی دەنگ سیفەی موستەعجەلی پێدراو بەدەنگی بەڵێی حەوت ئەندام ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرا، بۆئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بەمەبەستی خوێندنەوەی یەکەم بۆی و دواتر گفتوگۆکردن و پەسندکردنی

فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بایکۆتی کۆبونەوەکەی کرد، لەو بارەیەوە (بێگەرد تاڵەبانی) ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، راگەیاند، "ئێمە پابەندین بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەمڕۆ ئاگادارنەکراینەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رەهەندێکی سیاسی و یاسایی هەیە بۆیە بەشداری فراکسیۆنی یەکێتی دەکەوێتە سەر ئەو رێکەوتنەی یەکێتی لەگەڵ پارتی دەیکات و دواتر هەڵوێستی یاسایی یەکێتی لەچوارچێوەی رێککەوتنە سیاسیەکە دەبێت".

فراکسیۆنی نەوەی نوێ، پێش ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە، دانیشتنەکەی پەرلەمانی جێهێشت، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا (دیاری ئەنوەر) پەرلەمانتاری نەوەی نوێ رایگەیاند:"سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پێشێلی پەیرەوی ناوخۆی کردووە و یاسا شکێنراوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان مادەکانی ٧٩ و ٨٠ی لە پەیرەوی ناوخۆی پێشێل کردوە، لە ٢٥ی مانگەوە پرۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێممان پێشکەشی پەرلەمان کردوە، کەچی پرۆژەکەی پارتی و گۆڕان لە ٢٨ی مانگ پێشکەش کراوە، پرۆژەکەی ئەوان ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی دەکرێت و دەخرێتە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، بەڵام پرۆژەکەی فراکسیۆنی نەوەی نوێ خوێندنەوەی بۆ ناکرێت". وتیشی:"لە پرۆژە یاساکەماندا داوامانکردووە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم تەشریفاتی بێت و بەم دەسەڵاتە زۆرەوە نەمێنێتەوە و لەهیچ شوێنێکی دونیا نەبووە پەرلەمان سەرۆك هەڵبژێرێت و نەشتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات".

(عەبدولستار مەجید)یش لە فراکسیۆنی کۆمەڵ رایگەیاند: "وەك فراکسیۆنی کۆمەڵ داوامانکردوە، چەند رۆژێك پرۆژە یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم دوابخرێت، بۆئەوەی کۆدەنگی لەسەر دروست ببێت، بەڵام وەڵاممان نەدراوەتەوە، ناکرێت پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بەم شێوازە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت لایەنەکان کۆدەنگ بن لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم".

پاشان (شێرکۆ جەودەت) لە فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند:"پرۆژەیاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دژی دەستوری عێراق و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، بۆیە دەنگی پێنادەن". وتیشی:"پێمان باش بوو کێشەکانی خەڵك و

چاكسازی و دامەزراندنی گرێبەست ئەولەویاتی كاری پەرلەمان بوایە، نەك داتاشینی پلە و پۆست. ئەوەی ئەمڕۆ ڕودەدات پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، پشتیوانی لە پرۆژەیەك ناكەین سەرۆكایەتی زیندوو بكاتەوە، ئەمە بە پێچەوانەی دەستور دەزانین كە داوای سیستەمی پەرلەمانی دەكات، پەیڕەوی ناوخۆش دووپاتی سیستەمی پەرلەمانی دەكات، بۆیە ئێمە جەخت لە سیستەمی پەرلەمانی دەكەین هەڵبژاردنی سەرۆك لە پەرلەمان بێت".

ئاماژەی بەوەشكرد كە"هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمان ناكاتە ئەوەی سیستەم پەرلەمانی بێت، بەڵكو ئەوە پەیوەندی بە دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم و لێپێچینەوە لە دەسەڵاتەكانیەوە هەیە، بەداخەوە پرۆژەی ئێمە و نەوەی نوێی و كۆمەڵ، كە پێشتر پێشكەش كرابون نەخراونەتە بەرنامەی كاری كۆبونەوەی پەرلەمان".

لەلایەكی دیكەوە (ئومێد خۆشناو) سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا وتی:"پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆكایەتی هەرێم تەنها پرۆژەی پارتی نیە و واژۆی ٦٨ پەرلەمانتاری لەسەرە، سەرۆكی هەرێمیش چەند جێگری نابێت! بەڵكو یەك جێگر بۆخۆی دەستنیشان دەكات، بەڵام هەر ڕێكەوتنێك سەركردایەتی پارتی بیكات، فراكسیۆنی پارتی پابەندی دەبێت". ئومێد خۆشناو باسی لەوەشكرد، سبەی یەكشەممە كۆبونەوەی لیژنەی یاسایی بۆ نووسینی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكە ئەنجامدەدرێت.

لەلایەكی دیكەوە، (عەلی حەمەسالح) سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی كوردستان كە لەگەڵ پارتی پرۆژەكەیان پێشكەشكردبوو، لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند:"ئێمە باوەڕمان وایە كە لایەنەكانی تریش بەشداربن لەهەمواری ئەم پرۆژە یاسایە، لەساڵی ٢٠٠٩ كارمان كرد بۆ ئەوەی دەستور پەسەند نەكرێت لەپێناو ئەوەی سەرۆكی هەرێم لەناو خەڵك هەڵنەبژێردرێت، ئێستاش شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم دەگۆڕدرێت بۆ ئەوەی سەرۆك لەناو پەرلەمان دیاری بكرێت".

دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم كە یەكێك بوو لە ناكۆكییەكانی نێوان فراكسیۆنە جیاوازەكان، نەوەی نوێ و كۆمەڵ و یەكگرتو داوایان دەكرد دەسەڵاتەكان تەشریفاتی بێت و پەرلەمان بتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆكدا بكات، لەگەڵ پرۆژەكەی پارتی و گۆڕان ناكۆك بوو. سەبارەت بە دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێمیش، عەلی حەمەسالح ڕایگەیاند:"تا نوسینەوەی دەستور سەرۆكی هەرێم بەو دەسەڵاتەی ئێستای بەردەوام دەبێت، ئەگەر تا كۆتایی ئەو خولە دەستور نەنوسرایەوە لە خولی داهاتوش سەرۆكی هەرێم لە پەرلەمانی كوردستان هەڵدەبژێردرێت".

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | - |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | - |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | - |
| تێبینی | ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بڵاونەكراوەتەوە |

**دانیشتنی ژمارە چوار:** دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠١٩/٠٤/٠٣) بەسترا، پێشتر ڕاگەیەندرا بوو کە ڕۆژی (٢٠١٩/٠٤/٢) دانیشتنی ژمارە (٤) ئەنجامبدرێت، بەڵام ڕۆژی (٢٠١٩/٤/٢) سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و دانیشتنەکەی بۆ (٢٠١٩/٤/٣) دواخست، بەبێ ئاماژەدان بەهۆکاری دواخستنەکە.

بەر لەدەسپێکردنی گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بەرنامەی کار، لەلایەن ژمارەیەك لەسەرۆك فراکسیۆنەکانەوە باس لەرێککەوتن و سازانی لایەنەکان بەگشتی و ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی بەتایبەتی کرا، هەروەها بەشداریکردنی فراکسیۆنی یەکێتی لەدانیشتنەکە بۆ تێپەڕاندن و دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسایەکی وا گرنگ و مێژوویی بەرزنرخێندراو لەبەرامبەریشدا سەرۆکی پەرلەمان جەختی لەسەر پرەنسیپی سازان و ڕێککەوتن کردەوەو هیوای خواست ئەمە ببێتە بنەماو دەسپێکێکی باش هەم بۆ کاری پەرلەمانی و هەمیش بۆ ئایندەی حکومڕانیی هەرێم.

دوای خوێندنەوەی پرۆژە یاسا پێشنیازکراوەکە و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە، پەرلەمانتاران بەپێی برگەو مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێشنیازو تێبینییەکانیان لەبارەی مادە بەمادەی پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان–عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تاپەسندکردنی دەستوور بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، خستەڕوو.

دوای گفتوگۆکردنی سەرجەم مادە و برگەکانی پرۆژە یاسا پێشنیازکراوەکە، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی کرد سەرجەم ئەو پێشنیاز و بۆچوونانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرانەڕوو بەهەند وەربگرن و دایبڕێژنەوە و ئەو پێشنیازانەشی کە زیاتر لە سێ کەس پشتیوانییان لێکردووە بۆ کاتی دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسا پێشنیازکراوەکە ئامادەبکرێن بۆئەوەی بخرێنە دەنگدانەوە.

لە دانیشتنەکەدا زۆرترین گفتوگۆی پەرلەمانتاران لەسەر مادەی ٣ و مادە ٤ی پرۆژە یاساکە کرا، بەشێکی پەرلەمانتاران پشتگیریان لە مادە ٣ی پرۆژە یاساکە کرد کە تیایدا هاتووە پەرلەمان سەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێت بەو ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ دیاریی کردوە، بەشێك لە پەرلەمانتارانیش لەگەڵ ئەو رایە بوون دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کەمبکرێنەوەو سیستمی پەرلەمانی تەواو بچەسپێت .

لە گفتوگۆی برگەی ٥ی مادە ٤ی پرۆژە یاساکە، کە تایبەت بوو بە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، بەشێك لە پەرلەمانتاران پشتیوانیان لە دەقی پرۆژە یاساکە دەکرد کە سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانی ئاشکرا و بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێت کە دەکاتە ٥٦ پەرلەمانتار لە کۆی ١١١ پەرلەمانتار، بەشێکی تری پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەوەبوون سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانی نهێنی بە ٢ لەسەر ٣ی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردرێت.

دوای دانیشتنەکە، (بێگەرد تاڵەبانی) پەرلەمانتاری یەکێتی رایگەیاند"دوای لێکتێگەیشتنی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ رێککەوتن لە سەر پێکهێنانی حکومەت، بەشداریمان لە دانیشتنی پەرلەماندا کرد." وتیشی"لەسەر داوای حزبەکەمان بەشداری کۆبونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانمان کردوە و یەکێتی نەیویستوە نە لەئێستاداو نە لەرابردوشدا خۆی لەبەرپرسیارێتی بدزێتەوە". ئەوەشی خستەڕو"رێککەوتنی پارتی و یەکێتی لەپێناوی یەکریزی نیشتمانی و بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان و سەقامگیری سیاسیی هەرێمە."بەپێی قسەی ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی "پرۆژەیاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم خواستی یەکێتی تێدا نەبووە، بەڵام لە چوارچێوەی گفتوگۆکاندا ئەوەی کە خواستی یەکێتی بێت لەناو گفتوگۆکاندا لەرێی پەرلەمانتارانیان گەیشتوەتە لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی پەرلەمان."

ناوبراو وتیشی"لە چەند رۆژی ئایندەش تا دەگەنە دەنگدان لەسەر پرۆژەیاساکە بۆ ئەو خواستانەی یەکێتی نیشتمانی پێشکەشی کردووە بۆ جێگیرکردنی لەناو یاساکەدا لە دانوستاندا دەبین و سەرۆکایەتی هەرێم کە نوێنەرایەتی هەموو کوردستانیان دەکات، کارا دەکرێتەوە."

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ١٠٧ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | ١.جمال حوێز مستەفا |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١.بالآمبۆ محمد عەلی<br>٢.زیاد جبار محمد<br>٣.شنۆ ئەشقی عبدالله |
| تێبینی | |

**دانیشتنی ژمارە پێنج:** رۆژی (٢٠١٩/٠٤/٠٨) سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگهێشتی پەرلەمانتارانی کرد بۆ خوێندنەوەی سێیەم ودەنگدران لەسەر یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام رۆژی (٢٠١٩/٠٤/١٠) رایگەیاند: لەسەر داوای لیژنەی کاروباری یاسایی بۆ پێدانی کاتی زیاتر بە لیژنەکە، بریاری دواخستنی دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی چوارشەمە ١٠/٤/٢٠١٩، رادەگەیەنێت، پاشان دانیشتنەکە تا (٢٠١٩/٠٥/٠٨) بەسترا، دواتر بەپێی خاڵی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی کرد بچنە شوێنی مەبەست بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی کۆتایی لیژنەکە، دوای سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەرەچاوکردنی ئەو پێشنیازانەی کە لە دانیشتنی پێشوودا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خرابوونەڕوو و لەلایەن سێ ئەندام یان زیاتر پشتیوانییان لێکرابوو بۆئەوەی بخرێنە دەنگدانەوە.

لەپرۆسەی دەنگداندا، سەرەتا ناوونیشانی پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان–عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تاپەسندکردنی دەستوور، وەکو خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکراو پشنیازەکانی دیکەش کە پێشکەشکرابوون دەنگی پێویستییان نەهێنا.

دواتر دەنگدان لەسەر ماددەو بڕگەکانی پێشنیازی یاساکە دەستی پێکردو ماددەی یەکەم کە تایبەت بوو بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٨، وەك خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. ماددەی دووەمیش بەهەڵوەشاندنەوەی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٨، وەکو خۆی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

ماددەی سێیەمیش تایبەت بوو بەمیکانیزمەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم تا پەسندکردنی دەستووری هەرێم، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران بڕگەیەك بۆ ئەو ماددەیە زیادکرا کە تێیدا هاتووە سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێت و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکرێت. ئەو ماددەیەش بەو گۆڕانکارییەوە بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

ماددەی چوارەم کە ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان و پەسندکردنی ئەو ماددەیەش بەزۆرینەی دەنگ بوو. ماددەی پێنجەمیش تایبەت بوو بەویلایەتی سەرۆکی هەرێم و بەزۆرینەی دەنگ وەك خۆی پەسندکرا. ماددەکانی شەشەم تا هەشتەم  تایبەت بوون بە حوکمە کۆتاییەکان و لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن، بەجیا خرانە دەنگدانەوەو وەك خۆیان بەزۆرینەی دەنگ پەسندکران. لەکۆتایشدا کۆی یاساکە بەهۆکارەکانی دەرچوواندنیشییەوە خرایە دەنگدانەوەو بە ٨٩ دەنگ پەسندکرا.

(عەبدولستار مەجید) سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "ئێمە پێشتر پرۆژەیەکمان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش کردبوو، بەڵام بەداخەوە نەخرایە بەرنامەی کار و ژمارەیەك پێشنیازمان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە کردبوو، ئەوانەی خرانە دەنگدان دەنگی پێویستیان نەهێنا". ئاماژەی بەوەشکرد، وەك فراکسیۆنی کۆمەڵ دەنگیان بە بەشێك لە بڕگەکانی پرۆژە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوە، کە پێیان باشبووە، بەڵام دەنگیان بەکۆی یاساکە نەداوە. وتیشی، "ناکرێت سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت و لە ژێر چاودێری پەرلەمان نەبێت و پەرلەمان نەتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، خواستی کۆمەڵ ئەوەبوو سەرۆك لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و لە بەرامبەر دامەزراوەی پەرلەماندا بەرپرسیار بێت".

هاوکات (شێرکۆ جەودەت) سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی پەرلەماندا پێشنیازی جێگرەوەمان هەبوو بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، سەرۆکی هەرێم لە ژێر چاودێری پەرلەمان بێت و پەرلەمان بتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات و میکانزیمی کارا هەبێت بۆ لێپرسینەوەی سەرۆکی هەرێم". وتیشی: "ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین سیستەمی

پەرلەمانی بێت و دەنگدانی سەرۆکی هەرێم بە نهێنی بێت، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنا، لەگەڵ ئەوە بووین سەرۆکی هەرێم بڕوانامەی لە بەکالۆریۆس کەمتری نەبێت، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێنا".

شێرکۆ جەودەت ئەوەشی خستەڕو: "دەنگمان دژی یاساکە دا، چونکە ئەو یاسایە بە گونجاوی نازانین بۆ هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی سیستەمی پەرلەمان ناهێنێتە دی".

(کاوە عەبدولقادر) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "لە دنیادا شتی وانیە، ئەگەر بتەوێت سیستەمی سیاسی بگۆڕی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە ناو خەڵکەوە بگۆڕێت بۆ پەرلەمان، بەڵام دەسەڵات و رێوشوێنەکانی کەم نەکەیتەوە یاخود نەیگونجێنیت".

وتیشی: ئەوەی کە ئێستا پەسەندکراوە پێچەوانەی دەستوری عێراقە، پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری عێراق و هەموو ئەو یاسا بەرکارانەی لە دنیا هەیە لەسەر سیستەمی پەرلەمانی یاخود هەڵبژاردنی سەرۆك لە ناو پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی. باسی لەوەشکرد: "کاتێك پێشنیازەکانمان بە مەبەستی گۆڕینی سیستەمی هەرێم لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی دەنگی نەهێنا و بەشێکیشیان سڕابونەوە و نەخرانە دەنگدان، ئەوان وەك هەڵوێست وەرگرتنێك لەبەردەم خەڵك و مێژوو و خودادا بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد، بۆئەوەی نەبنە بەشێك لەو مەهزەلەیەی کە بە ناوی پەسەندکردنی یاساوە لە پەرلەمانی کوردستان دەگوزەرێت".

٨٩ پەرلەمانتار دەنگیان بە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستور داوە و هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی پارتی، یەکێتی، گۆڕان، ئازادی، سەردەم، پێکهاتەکانی تورکمان، مەسیحی و ئەرمەن دەنگیان بە یاسایەکە داوە.

١٢ پەرلەمانتار بە نەخێر دەنگیان بە بە یاساکە داوە، دواتریش دەرگای پێشکەش کردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کرایەوە.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ١١٠ |
| ناو و ژمارەی ئامادە نەبووان | - |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١.فەرید یەعقوب |
| تێبینی | - |

**دانیشتنی ژمارە شەش:** دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/٠٥/٢٨) بەسترا، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە تایبەتبوو بە خستنەڕوو و هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، سەرەتای دانیشتنەکە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەروونکردنەوەیەکدا رایگەیاند: "بەپێی رێکارە یاساییەکان و لەچوارچێوەی حوکمەکانی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ ی

کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان–عێراق و هـەمواری شـێوازی هەڵبـژاردنی سـەرۆك تاپەسـندکردنی دەسـتوور، سـەرۆکایەتیی پەرلـەمانی کوردسـتان لەرێگـەی وێبـسایتی فـەرمیی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە رێکارەکـانی خـۆ کاندیـدکردنی بـۆ سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان راگەیانـد". هـەروەها رایگەیانـد:"دوای وەرگـرتنی نـاوی کاندیـدەکان کـە ٩ کاندیـد (سـیڤی)یـان پێـشکەش کردبـوو، سـەرۆکایەتی پەرلەمان لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا ناوی ( ٥ ) کاندیدی پەسندکرد، دواتریش لەو چوار کاندیـدەی کـە رەتکرابوونەوە دووانیان لەرێگەی دادگای تەمیزەوە تانەیان لـە بڕیارەکـەی سـەرۆکایەتیی پەرلـەمان گرتبـوو، دوای پێداچوونەوەی تانەکان، دادگای تەمیزی هەرێم بڕیارەکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە راست و دروست و یاسایی وەسفکرد".

دواتر بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە سەرۆکی پەرلەمان ناوی کاندیدانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم خوێندەوە کە بریتی بوون لە: (نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی، ئومێد عەبدولـسەلام قـادر، محەمـەد حەمـە ساڵح عومەر، رێبوار عەزیز مستەفا و هیوا عەبدوڵا خدر).

دواتر سەرۆکی پەرلەمان پرۆسەی دەنگدانەکەی دەسـتپێکرد، سـەرەتا نـاوی نێچیرڤان ئیـدریس مـستەفا بارزانیی خستە دەنگدانەوەو لـەکۆی ٨١ ئەنـدامی پەرلـەمانی ئامـادەبوو ٦٨ دەنگـی بەدەسـتهێنا و هەرچـوار کاندیدەکەی دیکەش بەجیا خرانە دەنگدانەوەو نەیانتوانی دەنگی هیچ ئەندامێك بەدەستبێنن.

فراکـسیۆنی یـەکێتی بەپێـچەوانەی بەشـداریان لـە دانیـشتنی پەسـەندکردنی یاسـای کاراکردنـەوەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئامادەی دەنگدان بە نێچیرڤان بارزانی نەبوون، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلـەمانی کوردستان رایگەیاند: چەند خولەکێك پێش کۆبونەوەی ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان فراکـسیۆنی یـەکێتی پێـی راگەیاندون بەشداری کۆبونەوەکە ناکـەن. دەشـڵێت: "بەشـداری نـەکردنی یـەکێتی کاریگـەری دەبێـت لەسـەر سەرجەم رێککەوتنەکانی دیکە". وتیشی: "ئێمە تا دواساتەکان چاوەڕێی بەشداریکردنی یـەکێتی بـووین و تـا دواساتەکانیش هەوڵماندا یەکێتی بەشداری بکات، بـەڵام ئـەوان بەشـدارییان نـەکرد، ئەگـەر پـارتی بیویـستایە بەتەنها ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە ئەوا شەش بۆ حەوت مـانگ کۆبونـەوەی پەرلـەمان و پێکهێنـانی کابینـەی تازە دوا نەدەکەوت، ئێستاش خەڵك دەزانن کێ هۆکـاری دواکـەوتنی پێکهێنـانی کابینـەی تازەیـە". ئامـاژەی بەوەشکرد: "لە چەند رۆژی داهاتوودا سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتان دانیـشتنێکی فـەرمی سـازدەکات، کـە لەوێدا نێچیرڤان بارزانی بانگهێشت دەکرێت و لەبەردەم پەرلـەمانی کوردسـتاندا سـوێندی یاسـایی دەخـوات و دوای ئەوەش مەسرور بارزانی رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی  حکومەتی هەرێم".

سەبارەت بە دەنگ نەدانی یـەکێتی دەنگـی بـە سـەرۆکی هـەرێم، ئومیـد خۆشـناو وتیـشی: "دەنگنـەدانی یەکێتی کاریگەری دەبێت لەسەر رێکەوتنەکان، بەڵام ئەو روداوە تازەیە، دوای ئەوەی کە هەڵوێستی مەکتـەبی سیاسی و سەرکردایەتی راگەیەندرا فراکسیۆنی پارتیش لـەو چوارچـێوەیەدا هەڵـسوکەوت دەکـات". خۆشـناو

رونیشیکردەوە "پارتی بە فەرمی وەلامی یەکێتی دەداتەوە، بەلام پرۆسەکە راناوەستێت، سەرۆکی حکومەتیش هەڵدەبژێرێت و حکومەت پێکدەهێنین، پێش کۆبونەوەکەش بە فراکسیۆنی یەکێتیمان وت، ئەمرۆ دەنگنەدانی ئێوە کاریگەری دەبێت بۆ هەموو ڕێکەوتنەکان".

بەرلەدەستپێکردنی دانیشتنەکەی پەرلەمان مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: "حکومەت تەنها پێکهێنانی کابینە نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی دوانەیە، ئەویش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، بڕیارە ئەمرۆ پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت، بەلام دوای ئەو هەموو دواکەوتنەو پشودرێژییەی خەڵك و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دوو ڕێککەوتنی یەك لەدوای یەك، تا ئێستا هیچ هەنگاوێك بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نابینرێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە "هەرجارەی گرفتێك بۆ پرسی دانانی پاریزگاری کەرکوك لە پشکی یەکیتی (وەك ڕێککەوتبوین لەسەری) دروست دەکەن، بۆیە فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان بەشداری کۆبونەوەکەی ئەمڕۆی پەرلەمان ناکات".

(شێرکۆ جەودەت) سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتو لە پەرلەمانی کوردستان، راگەیاند: "دەنگ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نادەین، وەك چۆن لە رابردوودا بۆ هەموارکردنەوەی یاساکەش دەنگمان نەدا، چونکە پێمان وا نیە ئەو سیستەمە پەرلەمانی بێت، هەڵبژاردنی سەرۆك تەنها شیوازەکەی گۆڕاوە کە لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و لە ناو خەڵکەوە هەڵنەبژێردرێت". سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان دەشڵێت: "ئێمە دەنگ نادەین و پشتیوانیش لە هیچ کاندیدێك ناکەین، لەبەرئەوەی پێمان وایە سیستەمەکە پەرلەمانی نییە.

هاوکات ئەندامانی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایانگەیاند: "بڕیارماندا بەشداری کۆبونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان نەکەین، چونکە ئەو مەرجانەی بۆ بەربژێری سەرۆکی هەرێم دانراون قبوڵ نین و خزمەتی سیستەمی پەرلەمانی ناکەن، بۆیە وەك بەرپرسیارییەتییەکی مێژویی بڕیارماندا بەشداری کۆبوونەوەکە نەکەین".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی (عەبدولستار مەجید) رایگەیاند: "ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بۆ سەرۆکی هەرێم بێگومان سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەلام با خەڵك بزانێت کە ئەوان بەشێك نین لەم پرۆسە نارێك و ناتەواوەی کە سەرۆك بەرامبەر هیچ دامەزراوەیەك و پەرلەمان و خەڵك بەرپرس نیە".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، راگەیاندوە، "ئێمە کاندیدمان نیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، دەنگیش بەهیچ کاندیدێکی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم نادەین، چونکە دەنگمان بەهەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم نەدا، سەرنجی زۆرمان لەسەر ئەو یاسایە هەبوو، لانیکەم دەمانویست سیستمی پەرلەمانی لەم یاسایەدا ڕەنگبداتەوە، زەقترین خاڵی سیستمی پەرلەمانیش ئەوەیە کە سەرۆك بەرامبەر بە پەرلەمان بەرپرسیار بێت". ئاماژەی بەوەشکرد "سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە

هەڵدەبژێردرێت، نەبەرامبەر پەرلەمان بەرپرسیارە، نەبەرامبەر بەخەڵك، واتا شتێكی سەیرە لە دنیای ئەمڕۆدا، هەر لەبەر ئەوەیە نە كاندیدمان هەیە نەدەنگیش بەهیچ كاندیدێك دەدەین، چونكە ئەو یاسایە بەشایستە نابینین بۆ كوردستان".

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٨١ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | شیرین ئەمین عبدالعزیز |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ٠ |
| تێبینی | یەكێتی بایكۆتی كرد، نەوەی نوێش دوای بەشداری كردنی بایكۆتی كرد |

**دانیشتنی ژمارە حەوت:** دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/٠٦/١٠) لە دەرەوەی حەرەمی پەرلەمان و لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا بەسترا، بەرنامەی كار بریتی بوو لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەكەم: رێكارەكانی تایبەت بە سوێند خواردنی بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان–عێراق:

١- یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق لەگەڵ سروودی نیشتمانیی عیراقی و مارشی نەتەوەیی (ئەی رەقیب).

٢- خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە هەڵبژاردنی رێزدار (نێچیرڤان ادریس مستەفا بارزانی) بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق.

٣- سوێندخواردنی بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان (نێچیرڤان ادریس مستەفا بارزانی)، بەپێی حوكمی ماددەی (نۆیەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو.

٤- پێشكەش كردنی وتاری بەشێك لە ئامادەبووان بەم بۆنە مێژووییەوە.

٥- وتەی بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان (نێچیرڤان ادریس مستەفا بارزانی).

دووەم: ناونانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان–عێراق بەپێی برگەی (٣) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو.

ئەم دانیشتنە چەند تێبینیەكی لەسەر بوو، یەكێك لە تێبینیەكان، پێشكەش نەكردنی مارشی نەتەوەیی (ئەی رەقیب) بوو كە لەبەرنامەی كاردا هاتبوو، پاشان بەرێوەبەرایەتیی راگەیاندنی پەرلەمان، رۆژی (٢٠١٩/٠٦/١٢) رونكردنەوەیەكی بڵاوكردەوە و راگەیاند: سەبارەت بە پەخشنەكردنی سروودی نیشتیمانیی عێراق و مارشی نەتەوەیی (ئەی رەقیب)، لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی پەرلەمانی كوردستان لە رۆژی سوێندخواردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، كە لە رێكەوتی ٢٠١٩/٦/١٠ لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا لە شاری هەولێر بەرێوەچوو. وەك عورفێكی پەرلەمانی مارشی نەتەوەیی تەنیا لەكاتی كردنەوەی وەرزی گرێدانی پەرلەمان پەخش كراوە و لە دانیشتنە ئاساییەكانی تردا پەخش ناكرێت، دانیشتی ژمارە (٧)یش دانیشتنێكی

ئاسایی بووە و دانیشتنی کردنەوەی وەرزی گرێدانی پەرلەمان نەبووە، بۆیە پەخش نەکراوە. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەی بۆچی برگەی سرود و مارشی عیراق و کوردستان لە بەرنامەی کار دانرابوون! ؟

لەم دانیشتنەدا راگەیاندکارانیش گلەیان هەبوو لە جیاوازی کردن لەنێوان دەزگاکانی رایگەیاند، بەشێکیان رووماڵیان راستەوخۆ لەنێو شوێنی پێشوازی بوو، بەڵام بەشێکی زۆر راگەیاندنەکان لەدوو هۆڵ لەڕیگەی دوو شاشەی گەورەوە رووماڵی کۆبوونەوەکەیان دەکرد و رێگا نەدەدار بچنە ناو هۆڵی کۆبوونەوە یاخود شوێنی پێشوازی.

زۆرینەی دەزگاکانی راگەیاندن بانگهێشت کران، جگە لەرۆژ نیوز بەبیانووی قەرەباڵغی رێگایان نەدا رووماڵی دانیشتنەکە بکات، بەپێی روونکردنەوەیەکیش کە ئاژانسی رۆژ نیوز بڵاوی کردەوە رایانگەیاند، بەهۆی هاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا (مەولود چاوش ئۆغلۆ) رێگایان لێ گیراوە.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ١٠٢ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | سۆران عومەر |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | - |
| تێبینی | نەوەی نوێ بایکۆتی کرد |

**دانیشتنی ژمارە هەشت:** دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/٠٦/١١) بەسترا، لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، داوای لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بخەنە روو.

دواتر لەلایەن، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، (مەسرور مەسعود مستەفا) وەك کاندیدی لیستی براوەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراو لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە خرایە دەنگدانەوەو لەکۆی ٩٧ ئەندامی ئامادەبوو بە ٨٧ دەنگ بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ناوزەدکرا.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٩٧ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | - |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١-بالامبۆ محمد عەلی<br>٢-روپاك ئەحمد<br>٣-سۆران عمر<br>٤-شایان کاکەسالح<br>٥-عبدالستار مجید<br>٦-هەورامان حەمەشەریف |
| تێبینی | نەوەی نوێ بایکۆتی کرد |

پاشان چوارشەمە ٢٠١٩/٦/١٢ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، (مەسرور بارزانی)ی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان راسپارد، بەپێی یاسا سەرۆکی راسپێردراو ٣٠ رۆژی لەبەردەست بوو بۆ پێکهێنانی کابینە وەزارییەکەی.

**دانیشتنی ژمارە نۆ:** دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠١٩/٠٦/٣٠) بەسترا، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، بریتی بوو لە پێشنیاری سەرۆکی پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی برگەی (چوارەم) لە مادەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ خرایە دەنگدانەوەو بە ٨٤ دەنگ پێشنیارەکە پەسندکراو بریاردرا خولی گرێدانی دانیشتنەکانی بەهارە بۆ ماوەی ١٥ رۆژ درێژبکرێتەوە.

درێژکردنەوەی ئەم خولەی یاسادانانی پەرلەمان بۆ ئەوەبوو دەرفەتێکی زیاتر بدرێت بەلایەنەکان، بەتایبەت یەکێتی و پارتی کە بەردەوام لە گفتوگۆدابوون بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت و دیاریکردنی کاندیدێك بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکوك.

(کازم فاروق) سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "پێمان باش بوو تەمەنی ئەم وەرزەی یاسادانانی پەرلەمانی کوردستان ٣٠ رۆژ درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئەو پرۆژە یاسایانە بکرێت، کە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان پێشکەش کراون، ویستمان لە رێگەی ئەو پێشنیارە پێشکەش بکەین، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان دەرفەتی پێنەداین". ئاماژەی بەوەشکرد "ژمارەیەك پرۆژە یاسای گرنگ پێشکەش کراون، بە تایبەت لە رێگەی فراکسیۆنەکانی نەوەی نوێ و یەکگرتوو و کۆمەڵ، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنها یەك پرۆژە یاسا دەنگی لەسەر دراوە، ئەویش هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بوو".

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ١٠٧ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | – |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١.سەلمە فاتح |
| تێبینی | ٢–بەلێن ئیسماعیل – شاندکراو<br>٣.سەرکۆ ئازاد – شاندکراو<br>٤. شێرکۆ جەودەت – شاندکراو |

**دانیشتنی ژمارە دە:** دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٦) بەسترا، بەر لەخستنەرووی بەرنامەی کار، سەرۆکی پەرلەمان بەناوی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە ئیدانەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی کرد و رایگەیاند: "ئیدانەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ئیدانەی کوشتن و بریندارکردنی خەڵکی سیڤیل لەو ناوچانە دەکەین"، راشیگەیاند: "بەپێی دەستووری عێراق

و یاسا بەرکارەکانی حکومەتی فیدراڵ پاراستن و ڕێگەگرتن لەسەروەریی خاکی عیراق لەئەستۆ و بەرپرسیاریەتیی حکومەتی ناوەند دایەو پێویستە ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنییان بگرێتەبەر و پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و زیانلێکەوتووانیش لەوچوارچێوەدا لەئەستۆی دەوڵەتی عیراقە".

دواتر بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کە تایبەت بوو بەخوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەدوو هۆکار داوای کرد خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە نەکرێت، یەکەمیان بەهۆی ئەوەی پێشنیازی یاساکە پێویستیی بەڕەزامەندیی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەرێم هەیەو لەهەمانکاتیشدا هەردوو وەزارەتەکە دەبێت کۆنگرە ببەستن بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتیی ناوەڕۆکی پێشنیازی یاساکەو خاڵی دووەمیش ئەوەی کە لەپێشنیازی یاساکەدا هۆکارەکانی دەرچوون بەروونی ئاماژەی پێنەکراوە، بۆیە داوای دواخستنی پێشنیازی یاساکە دەکەن، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، ڕایگەیاند: پێشنیازەکە هۆیەکانی دەرچواندی هەیەو ئێمە پێمان وایە کە ڕای حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دەوێت، بەڵام هیچکام لەو خاڵانە ڕێگرنین لەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت. بەڵام سەرۆکی پەرلەمان دواخستنی خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستانی خستە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پێشنیازەکە پەسندکرا و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرا.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاریش تایبەت بوو بە پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کرد بۆ کار لەسەرکردنی.

خاڵی سێیەمیش بریتی بوو لە پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەی یاساییەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکانی، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان کرد هەمان ڕۆژ کۆببنەوە بۆ تاووتوێکردنی و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەری. ئەوەشی ڕاگەیاند کە سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی بەیانی ٢٠١٩/٧/٧ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکاتەوە بۆ تەواوکردنی ڕێککارە یاساییەکانی ئەو پرۆژە پێشنیازە.

خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسایە بووە هۆی ناڕەزایەتی بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، چونکە پەرلەمانی کوردستان لەم کۆبونەوەیەدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد و تیایدا هەردوو ماددەی

(٦،١٤)ی یاساکەی هەموار کردەوە، کە یەکەمیان، درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو، دووەمیشیان ڕێگەدان بوو بە هەڵبژاردنی پارێزگار تەنانەت لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەنیش.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | نیە |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | نیە |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | نیە |
| تێبینی | نیە |

**دانیشتنی ژمارە پانزە:** دانیشتنی ژمارە (١١) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٧) بەسترا، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای هەمواری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و خستنەرووی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی.

بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە یاسایی و پێشمەرگە و ناوخۆ، پێشنیازی هەموارەکە لە ناوونیشان و پێنج ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندن پێکهاتبوو و مادەی یەکەمی تایبەت بوو بەشێوازی هەڵبژاردنی پارێزگارو مادەی دووەمیش تایبەتبوو بەماوەی کارکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سێ مادەکەی دیکەش تایبەتبوون بەحوکمە کۆتاییەکان.

لەدانیشتنەکەدا، ناوونیشان و ماددە و بڕگەکان لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندنی پێشنیازی یاساکە بەجیا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە گفتوگۆیان لەسەر کراو چەندین تێبینی و پێشنیاز لەبارەی ناوەڕۆک و چۆنیەتی دارشتنیانەوە خرانەڕوو، دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان، سەرۆکی پەرلەمان داوای لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند کرد کە هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام بدەن و پێشنیاز و راو سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان کۆبکەنەوە و ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان ئامادە بکەن بۆئەوەی لەدانیشتنی دواتر دەنگیان لەسەر بدرێت، هەروەها ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی ئاگادار کردەوە کە ڕۆژی دواتر واتە ٢٠١٩/٧/٨ کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ کۆبوونەوەی دەنگدان لەسەر ئەو پێشنیازی یاسایە ئەنجام دەدرێت.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ١٠٥ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | سۆران عومەر<br>محسین حسێن |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | فەیسەڵ عەباس<br>شنۆ ئەشقی<br>بێگەر دڵشاد<br>شیرین ئەمین |
| تێبینی | – |

**دانیشتنی ژمـارە دووانــزە:** دانیـشتنی ژمـارە(١٢) لـە (٢٠١٩/٠٧/٠٨) بەسـترا، سـەرۆکی پەرلـەمان داوای لەهەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و پێشمەرگە و ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییـەکان کـرد راپـۆرتی هاوبەش و کۆتایی هەردوو لیژنەکە دوای داڕشتنەوەی بە رەچاوکردنی سەرنج و پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان بخوێننەوە.

سەبارەت بـە مـاددەی یەکـەمی پێشنیازی یاسـاکە سـێ پێـشنیاز هـەبوون و هەرسـێکییان بـەجیا خرانـە دەنگدانەوەو رەتکرانەوەو دواتریش مادەکە وەك خۆی خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا، تیایدا ئەوە جێگیر کرا کە هەڵبژاردنی پارێزگار لەناو ئەنجوومـەن یـاخود لـەدەرەوی ئەنجوومـەن بەزۆرینـەی رەهـای ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت.

مادەی دووەمیش پێشنیازێکی نوێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوەو پێشکەش کرابوو، دەنگی پێویستی نەهێناو مادەکە وەك خۆی خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنـگ پەسـندکرا و بـەپێی هـەمواری یاسـاکە ئەنجوومـەنی پارێزگاکان بەردەوام دەبن لەکارەکانیان تا هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

مادەکانی سێیەم تا پێنجەم تایبەت بوون بەحوکمە کۆتاییەکان و هەردوو مادەی سێیەم و چوارەم بـەکۆی دەنـگ و مـاددەی پێنجـەم بەزۆرینـەی دەنـگ پەسـندکران، هۆکارەکـانی دەرچـوواندیش دوای داڕشـتنەوەی بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. دواتریش کۆی یاساکە خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

(کازم فاروق) سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نـوێ لـە پەرلـەمانی کوردسـتان لـە کۆنگرەیـەکی رۆژنامەوانیـدا رایگەیاند: "لە هەمواری یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکـان پێـشنیازەکانی ئێمـە جێگـەی نەکرایـەوە، چـونکە لـە هەمواری یاساکەدا دەسەڵات بە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەدرێت کەسـێك لـە دەرەوەی ئەنجومـەن بـۆ پۆسـتی پارێزگار دیاریبکەن و ماوەی هەڵبژاردنیش دیار نیە، بەو هۆیەوە ئێمە لەگـەڵ پەسـەندکردنی ئـەو هـەموارەی یاساکەدا نین". وتیشی، "ژمارەیەك پرۆژە یاسای گرنگ و پەیوەندیدار بە ژیانی خـەڵك ئاڕاسـتەی پەرلـەمانی کوردستان کراون، بەڵام ناخرێنە بەرنامەی کار و لەبەرامبەردا پەرلەمان تەمەنی پارێزگاکان درێژدەکاتەوە، بێ ئەوەی وادەیەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاریبکات".

(عەبدولستار مەجید) سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان لـە کۆنگرەیـەکی رۆژنامەوانیـدا رایگەیانـد: "بـەهۆی ئـەوەی مـاوەی ئەنجومـەنی پارێزگاکـان بـە کراوەیـی درێژکراوەتـەوە و پارێزگـاریش لـە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵدەبژێردرێت، پێمان وایـە ئـەوەی پێـشێلکردنی مـافی هاوڵاتیانـە، بۆیـە ئێمـە دەنگمان بە پێشنیازی هەمواری ئـەو یاسـایە نـەداوە". ئامـاژەی بەوەشـکرد، فراکسیۆنی کۆمـەڵی ئیـسلامی دەنگ بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هـەرێم نـادات، بـەڵام لـە پێکهاتـەی کابینەکـە ئەگـەر وەزیرێـك هـەبێت و کەسێکی لێهاتوو بێت رەنگە دەنگی پێبدەن.

پەرلەمانی کوردستان لەم کۆبونەوەیدا بە زۆرینەی دەنگ و بە دەنگی ٨٠ پەرلەمانتار پێشنیازی هەمواری یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، بەپێی یاساکە، هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن یان لە نێوانیاندا بەزۆرینەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت لەماوەیەکدا کە لە ٣٠ رۆژ لەمێژووی یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەن زیاتر نەبێت.

لە یاساکەدا هاتبوو، تەمەنی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان درێژ دەکرێتەوە تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەمەش تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان بەردەوام دەبێت لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی یاساییان.

پەرلەمانی کوردستان هەمواری یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، بەمجۆرە تەمەنی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن درێژکرایەوە.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ١٠٦ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | شنۆ ئەشقی<br>شوان کەریم |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | شیرین ئەمین<br>زیاد جەبار<br>فەیسەل عەباس |
| تێبینی | – |

**دانیشتنی ژمارە سیانزە:** دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠١٩/٠٧/١٠) بەسترا، دانیشتنەکە کە تایبەت بوو بەمتمانەدان بەسەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەر لەخستنەرووی خاڵەکانی بەرنامەی کار، سەرۆکی پەرلەمان بەناوی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پەرلەمانتارانەوە وتی: "سوپاس بۆ سەرۆکی وەزیرانی راسپێردراو کە بەر لە تەواوبوونی وادەی یاسایی، ناو و سیڤیی وەزیرەکانی کابینەکەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد".

دواتر بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار کەبریتی بوو لە متمانەدان بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی و خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن راسپێردراوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، پاشان ناوی وەزیرە پێشنیازکراوەکان بۆ سەرجەم وەزارەتەکانی کابینەکە بەجیا خرانە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان متمانەیان پێبەخشرا.

بەر لەخستنەرووی خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار، (ڤالا فەرید) سەرۆکی پەرلەمان بەهۆی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمانتاران بۆ پۆستی وەزیری هەرێم، سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی جێهێشت و لەلایەن (هێمن

هەورامی) جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبردنی دانیشتنەکە بەردەوامی پێدراو. بەپێی خاڵی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی وەزاریی نۆیەم لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

دوای متمانەپێدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنەکانی سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (نەوەی نوێ، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی، ئازادی) بەجیا رایانگەیاند: کاری ئۆپۆزسیۆنی ئەوان دەست پێدەکات و دەبنە چاودێر لەسەر کارەکانی حکومەت.

(کاوە عەبدولقادر) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "وەك ئەوەی بەڵێنماندا بوو ئەگەر لە لوتکەی دەسەلاّت نەبین دەبینە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کار لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە دەنگمان بەو کابینەیە نەدا، خاوەنی دیدگا و بۆچونی خۆمانین بۆ ئۆپۆزسیۆن بونی خۆمان لە چوار ساڵی داهاتوو". ئاماژەی بەوەشکرد، "لە ئۆپۆزسیۆن بوونمان رکابەرێکی سەرسەختی دەسەلاّت دەبین لەسەر بنەمای دیموکراسی بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان، تاوەکو ناچاری بکەین هەموو ئەو پرۆژانەی پەیوەندیان بە خەڵکی کوردستان هەیە جێبەجێیان بکەن".

هاوکات (عەبدولستار مەجید) سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: "ئەمرۆ متمانە دراوە بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئێمە دەنگمان پێنەداوە، ئۆپۆزسیۆن بونی ئێمە لە ئەمرۆوە دەست پێدەکات و دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و چاوەنترس بەسەر حکومەت و سەرجەم دامەزراوەکان". وتیشی، "هیواداریین کارنامەی حکومەت تەنها وتار خوێندنەوە نەبێت و بەرنامە و هێڵە گشتیەکان بە کردار جێبەجێبکرێن، پابەندی ئەو سوێندەش بن کە ئەمرۆ خواردیان، ئەو کابینەیە هەر کارێکی باش بکات بۆ خزمەتی خەڵك ئێمە پشتگیری دەکەین هەر کەم و کوڕی و کەمتەرخەمی و خراپەیەك لە هەرشوێنێك هەبێت لێی بێدەنگ نابین".

(شێرکۆ جەودەت) سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "کارنامەی حکومەت تەنها لەسەر کاغەز نوسراوە، بۆیە ئێمە لە زەمینی جێبەجێکردندا چاودێری دەکەین، کاردەکەین بۆ ئەوەی بتوانین چاودێرێکی راستەقینە بین بەسەر حکومەت و سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان". راشیگەیاند، ئەوان دەنگیان بەو کابینەیە نەداوە، بەڵام وەك لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن مافی چاودێریکردنی کارەکانی ئەو حکومەتەیان هەیە.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| ژمارەی ئامادەبووان | ١٠٨ |
|---|---|
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | شنۆ ئەشقی<br>شیرین ئەمین |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | عوسمان عەلی |
| تێبینی | - |

## ناوی ئەندامانی ئە نجومەنی وەزیران و ژمارەی دەنگەکانیان لە پەرلەمان

| ژمارە | ناو | پۆست | لایەنی سیاسی | ژ.دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەسرور مسعود مستەفا بارزانی | سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | پدک | ٨٨ |
| ٢ | قوباد جلال حسام الدين تاڵەبانی | جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ینك | ٧٣ |
| ٣ | ئالان حەمە سعيد صالح محمد | وەزیری پەروەردە | پدک | ٨٥ |
| ٤ | ساسان عوسمان عەونی حەبیب | وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار | پدک | ٨٥ |
| ٥ | کەمال محمد صالح خليل | وەزیری کارەبا | پدک | ٨٥ |
| ٦ | عبدالله محمود محمد سان احمد | وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان | حسك | ٨٥ |
| ٧ | کەمال موسلیم سەعید قەرەنی | وەزیری بازرگانی و پیشەسازی | گۆڕان | ٨٥ |
| ٨ | فەرسەت احمد عبدالله | وەزیری داد | پدک | ٨٤ |
| ٩ | بێگەرد دلشاد شوکرالله | وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | ینك | ٨٣ |
| ١٠ | ڤالا فريد ابراهيم | وەزیری هەرێم | پدک | ٨٣ |
| ١١ | د. سامان حسين محمد بەرزنجی | وەزیری تەندروستی | پدک | ٨١ |
| ١٢ | ئاوات جەناب نوری ساڵح | وەزیری دارایی و ئابووری | گۆڕان | ٨١ |
| ١٣ | دانا عبدالكريم حمە ساڵح | وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | گۆڕان | ٨٠ |
| ١٤ | ئانو جوهر عبدالمسيح عبدوکا | وەزیری گواستنەوە و گەیاندن | کلدان | ٨٠ |
| ١٥ | ئایدن معروف سليم | وەزیری هەرێم | تورکمان | ٧٨ |
| ١٦ | پشتیوان صادق عبدالله | وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی | پدک | ٧٧ |
| ١٧ | رێبەر احمد خالد | وەزیری ناوخۆ | پدک | ٧٦ |
| ١٨ | د. ئارام محمد قادر امين | وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ینك | ٧٦ |
| ١٩ | د. دارا رشيد محمود | وەزیری پلاندانان | ینك | ٧٥ |
| ٢٠ | محمد سعيد علي | وەزیری رۆشنبیری و لاوان | ینك | ٧٥ |
| ٢١ | کوێستان محمد عبدالله معروف | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی | گۆڕان | ٧٤ |
| ٢٢ | شۆرش اسماعيل عبدالله | وەزیری کاروباری پێشمەرگە | ینك | ٧٣ |
| ٢٣ | خالد سلام سعيد | وەزیری هەرێم | ینك | ٦٨ |

**دانیشتنی ژمارە چواردە:** دانیشتنی ژمارە (١٤) لە (٢٠١٩/٠٧/١١) بەسترا: سەرەتا جێگری سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکەی کردەوە، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە لەسێ خاڵ پێکهاتبوو، خاڵی یەکەم: سوێندخواردن و جێگرتنەوەی ئەو بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە بەپێی حوکمی مادەی (٢٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە شوێنی ئەو پەرلەمانتارانەی کە بەپێی برگەی (هەشتەم) لە مادەی (٢٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە دەستلەکارکێشاوە لە ئەندامێتیی پەرلەمان هەژمار دەکرێن بەمشێوەیە، بەڕێز (لەنجە ئیبراهیم عەبدولڕەحمان) لە شوێنی (ڤالا فەرید ئیبراهیم)، بەڕێز (شیرین یونس عەبدوڵا) لە شوێنی (بێگەرد دڵشاد شوکراللە)، بەڕێز (هیمداد صالح بیلال) لە شوێنی (ئایدن مەعروف سەلیم)، بەڕێز (باپیر کامەلا سەلمان کامەلا) لە شوێنی (عەبدوڵا مەحمود محەمەد).

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان خاڵی سێیەم بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان.

بەر لەخستنەڕووی خاڵەکانی بەرنامەی کار، سەرۆکی دانیشتن هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئیدانەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی کردو ڕایگەیاند: "بەداخەوە دوێنی لەپیرانشار و سیدەکان ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویانداو هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین و ئیدانەی هەر تۆپبارانکردنێك و هێرشی فڕۆکەکان دەکەین و لەهەمانکاتیشدا ئیدانەی هەر کردەوەیەکی گروپ و لایەنێك دەکەین کە خاکی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنن لەدژی وڵاتانی دراوسێ". ڕاشیگەیاند: "وەکو پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ڕێگەچارەی ئاشتییانەو دیالۆگین بۆ پرسی کورد لەهەر پارچەیەکداو لێرەشەوە داواکارین تۆپباران و هێرشی فڕۆکەکان بوەستێنرێن و سنوورێك بۆ ئەو هێرشانە دابنرێن".

دواتر بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، چوار پاڵێوراو سوێندخواردنی یاساییان ئەنجامداو بوونە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، دوو پەرلەمانتار خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتبوو کە بریتی بوون لە (ڕێواز فایەق) لەفراکسیۆنی سەوز و (شادی نەوزاد) لەفراکسیۆنی نەوەی نوێ. دوای تەواوبوونی ڕێکارەکانی دەنگدانی پەرلەمانتاران، سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاند، (ڕێواز فایەق) لەفراکسیۆنی سەوز (٧٢) دەنگ و (شادی نەوزاد) لەفراکسیۆنی نەوەی نوێ (١٦) دەنگ و هەروەها (٩) دەنگی هەژمار نەکراویش هەبوو.

پاشان ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی وەرگرت و لەوتەیەکدا ڕایگەیاند: "زۆر سوپاس بۆ سەرجەم فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لەڕێگەی ئەوانیشەوە سوپاسی گەلی کوردستان دەکەم بۆ بەخشینی ئەو متمانەیە، لەم ئەرکە نوێیە هەستیارو قورسەدا هەوڵدەدەین بەباشترین شێوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بکەین و ئەمەش لەڕێگەی کارکردنی پێکەوەیی لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان و پرەنسیپەکانی پێکەوەژیان دێتە دی".

هەروەها سوپاسی (ڤالا فەرید) سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیی کرد کە لـەقۆناغێکی راگوزەردا بەرپرسـیارانە ئەرکـەکانیان راپەرانـدووەو گـووتی: "رێککـەوتنی لایەنـە سیاسـییەکان و پێکهێنـانی کابینەی نوێی حکومەت و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم ئاماژەی ئەرێنی و جـدین و ئەمـەش دەسپێکێکی باش و گرنگە تاوەکو پەرلەمان وەکو مەرجەعی دەستووری و یاسـاییی هـەرێم هـەنگاوی جـدی و گەورە بهاوێژێت لە پێشخستنی هاوئاهەنگیی زیاتر لەنێوان.

سەرۆکی پـەرلەمان ئـەوەشـی راگەیانـد: "لەئێسـتادا کـە دامـەزراوە دەسـتوورییەکانی هـەرێمی کوردسـتان کەوتوونەتـە سـەر رێـچکەی کۆتـاییی کـارکردن، ئـەوا خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان چـاوەڕوانی کـارو پـرۆژەی کردەیین و وەك پەرلـەمانی کوردسـتانیش لەگـەڵ دەسـپێکردنی خـولی پـایزەی دانیـشتنەکان کـار بکـەین بـۆ رووبەڕووبوونــەوەی گەنــدەڵی و دەرچــوواندنی یاسـا گــرنگ و لەپێــشینەکان و لەســەروو هەمووشــییانەوە پەسەندکردن و هێنانی پرۆژەی بودجەی گشتیی هەرێم بۆ ناو پەرلەمان".

پاش تەواوبوونی وتەکەی، سەرۆکی پەرلەمان خاڵی سێیەمی بەرنامـەی کـاری خـستەروو کـە تایبـەت بـوو بەخوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بریاری دیاریکردنی رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك رۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییـەکان و داوای لە لیژنـەی یاسـایی کـرد پێشنیازەکە بخوێننـەوەو دوای تـەواوکردنی خوێندنـەوەی پرۆژەپێـشنیازەکە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە پێشنیازی یاساکە ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و لیژنـە پەیوەندیـدارەکان و پەرلەمانتاران کرا بۆ ئەنجامدانی رێکارە یاساییەکانی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتانیش پێـشنیازی پێـدانی سیفەتی بەپەلەی بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکە خستە دەنگدانەوەو بەکۆی دەنگ پەسندکراو داواشی لـە لیژنـەی کاروباری یاسایی کرد کە هەر هەمان رۆژ لەسەر پرۆژە پێشنیازکراوەکە کۆببنەوە.

بـەر لـەکۆتایی هـاتنی دانیـشتنەکەش سـەرۆکایەتیی پەرلـەمانی کوردسـتان لەراپۆرتێکـدا سـەرجەم کـارو چالاکییەکان و ژمارەی دانیشتن و دەرچوواندنی ئەو بیارو یاسایانەی لەماوەی خولی بـەهارەی دانیـشتنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستانی خستەڕوو و بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٩٥ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | رێبوار عبدالرحیم عبدالله<br>کاوە عبدالقادر حسن<br>موژدە محمود محمد |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | محی الدین حسن یونس<br>شیرین ئەمین عبدالعزیز<br>شنۆ ئەشقی عبدالله<br>رزگار محمد محمود |
| تێبینی | ٩ پەرلەمانتار لەکاتی دانیشتنەکەدا چوونەتە دەرەوە و نە بەغیاب و نە بە مۆڵەت ئەژمار نەکراون. |

**دانیشتنی ژماره دووی نائاسایی:** دانیشتنی ژماره (٢) نائاسایی لە (٢٠١٩/٠٨/٠١) بەسترا، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕاپۆرتی هاوبەشی نێوان لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی خوێندارایەوە، کە پێکهاتبوو لە پێنج مادده و هۆیەکانی دەرچواندن.

مادده بە مادده پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئیزدییەکان خوێندرانەوە، کە ناوەڕۆکی پێشنیازەکە بریتییە لە دیاریکردنی ٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی(جینۆساید)ی ئێزدییەکان و قەرەبوو کردنەوەیان, لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر کرا و لەلایەن لیژنەی یاسایی پێشنیارە تازەکان یاداشتکران و ئەوانەی پشتگیری سیّ ئەندامی بەدەست هێناوە لە دانیشتنی ڕۆژی شەممە کە تایبەتە بە دەنگدان و پەسەندکردن دەخرێنە دەنگدانەوە. ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە

| ژمارەی ئامادەبووان | ٨٥ |
|---|---|
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | ١.اسماعیل علی تەها–شاندکراو<br>٢.جیهاد حسن ابراهیم–شاندکراو<br>٣.هێرش حسن – شاندکراو |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | ١.جوان یونس محمد<br>٢.دابان محمد حسین<br>٣.رزگار عیسا سوار<br>٤.ریڤینگ محمد محمد<br>٥. سەعید مستەفا تەتەرخان<br>٦. سەلمە فاتح تۆفیق<br>٧. سەرکۆ ئازاد حسین<br>٨. شوان کەریم محمد<br>٩. صباح محمود محمد<br>١٠. عوسمان علی سمایل<br>١١. عوسمان کەریم سوارە<br>١٢. عەلی حەمەصالح<br>١٣. لیزا فلك الدین صابر<br>١٤. هەورامان حەمە شەریف<br>١٥. باپیر سلێمان کامەلا<br>١٦.باڵامبۆ علی محمد<br>١٧.بەختیار شوکری سمایل<br>١٨.بەهجەت علی ابراهیم<br>١٩.جنان جبار بویە<br>٢٠.ئاشنا عبدالقادر عبدالله<br>٢١.احسان محمد سەلیم<br>٢٢.ادریس اسماعیل عبۆش<br>٢٣.ارشد حسین محمد |
| تێبینی | – |

**دانیشتنی ژمارە سێی نائاسایی:** دانیشتنی ژمارە (٣) نائاسایی لە (٢٠١٩/٠٨/٠٣) بەسترا، دانیشتنەکە بە ئامادەبوونی (عەبدوڵا حاجی مەحمود) وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و (ڤالا فەرید ئیبراهیم) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بوو.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەو یاداشتە کرد کە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرابوو سەبارەت بە پاراستنی شکۆی سیمبولەکانی کوردستان و تیایدا داوایان کردبوو ناوەڕۆکی یاداشتەکەیان بکرێتە بابەتی کۆبوونەوەکە، لەوبارەیەوە سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: "ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پاڵپشت بەدەقی برگەی یەکەم لە مادەی هەشت لە پەیڕەوی ناوخۆ کەتیایدا هاتووە دانیشتنی نائاسایی تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت کە لە بەرنامەی کاردا دیاریکراون، لە بەرنامەی کاری ئەو کۆبوونەوەیەش تەنیا تەوەر بریتییە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی بڕیاری (دیاریکردنی رۆژی ٣/٨/٢٠١٤ وەك رۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان، بڕیارماندا کە داواکاریی هاتوو لە یاداشتی پەرلەمانتاران پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگەی دەیەم لە مادەی ١٦ی پەیڕەوی ناوخۆ پێمان دراوە بکەینە ناوەڕۆکی یاداشتێکی نیگەرانی و هەڵوێست دەربڕین و ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بکەین لەبەر رۆشنایی مادەکانی (١٢، ١١٠، ١١٥)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستان ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٩".

هەر لە دانیشتنەکەدا لەلایەن (هدیە موراد) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە لەپێکهاتەی ئێزیدییەکانە لە پەرلەمان ئەو نووسراوە خوێندرایەوە کە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کردبوو سەبارەت بەو کارەساتەی کە بەسەر ئێزدییەکاندا هات لەو رۆژەداو تیایدا ئاماژەی بەگەورەیی و دڕندەیی کارەساتەکە و ژمارەی قوربانیان و بێسەروشوێنبووان و ئاوارەبووەکان و ئەو کاولکارییانەی کە بەسەر ناوچەکانی شنگال و دەوروبەریدا هات کرد.

پاشان سەرۆکی پەرلەمان داوای لەهەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کرد بچنە شوێنی مەبەست بۆ خستنەرووی راپۆرتی هاوبەش و کۆتایی هەردوو لیژنەکە دوای داڕشتنەوەی بەرەچاوکردنی سەرنج و پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت پێشنیازی بڕیاری (دیاریکردنی رۆژی ٣/٨/٢٠١٤ وەك رۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بەپێی حوکمی مادەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەبارەت بەناونیشانی پێشنیازی بڕیارەکە کە سێ پێشنیار هەبوون دوای ئەوەی هەرسێکیان بەجیا خرانە دەنگدانەوە پێشنیازی سێیەم بەدەستەواژەی پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی رۆژی ٣/٨/٢٠١٤ وەك رۆژی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید)ی ئێزدییەکان بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان وەك ناونیشانی پێشنیازی بڕیارەکە پەسند کرا.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمی پێشنیازی بڕیارەکەش کە شەش پێشنیاز هەبوون دوای خستنە دەنگدانیانەوە بەجیا پێشنیاری شەشەم بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا کە تیایدا ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی (جینۆساید)ەی دەرهەق بە ئێزدییەکان کرا خەسڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەخۆدەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین و بەرپرسیاریەتیی قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ.

خاڵی دووەمیش کە دوو پێشنیازی لەخۆگرتبوو بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەستەواژەی (٣ی ئاب بە رۆژی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید) ئێزدییەکان دیاری دەکرێت) پەسند کرا.

خاڵەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پێشنیازی بڕیارەکەش کە تایبەت بوون بەحوکمە کۆتاییەکان بە پابەندکردنی ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەو بڕیارە و کارنەکردن بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو بڕیارە ناکۆك بێ، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)، دوای خستنە دەنگدانیانەوە بەجیا بە زۆرینەی دەنگ پەسند کران.

پاشان هۆکارەکانی دەرچوواندنی پێشنیازی بڕیارەکە کە دوو پێشنیار هەبوو دوای خستنە دەنگدانیانەوە بەجیا پێشنیاری دووەم کە وەك لە پێشنیازی بڕیارەکە هاتبوو بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا و دواتر کۆی بڕیارەکە خرایە دەنگدانەوە و بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسند کرا.

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەو بڕیارە بەدیهێنانی دادپەروەری و دابینکردنی ماف و ئیمتیازات و قەرەبووکردنەوەو کەمکردنەوەی ئاسەواری تاوانەکانی کۆمەڵکوژیی (جینۆساید) ئێزدییەکان و زیندووراگرتن و رێزلێنانە لە قوربانییەکانی ئەو کارەساتە.

ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٨٧ |
| ناو و ژمارەی ئامادەنەبوان | – |
| ناو و ژمارەی ئەندامانی مۆڵەتدراو | – |
| تێبینی | ناوی ئامادەبووان و مۆڵەت پێدراوان نەخوێندرایەوە کە ژمارەیان (٢٤) پەرلەمانتارە. |

## سێیەم: ناوی ئەو پێشنیاز و پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

| ناو | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئەو لیژنانە ئاراستەیان کراوە |
| --- | --- | --- |
| ١–پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور. | ٦٨ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، سەردەم، ئازادی، پێکهاتەکان) | *لیژنەی کاروباری یاسایی |
| ٢–پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق | ٣٤ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، ئازادی، پێکهاتەکان) | *لیژنەی کاروباری یاسایی<br>*لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتو گوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان |
| ٣–پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان– عێراق | ٢٠ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، پێکهاتەی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی) | *لیژنەی کاروباری یاسایی<br>*پێشمەرگە و ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان |
| ٤–لە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك رۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان | ٦٥ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (پارتی، گۆران، یەکێتی، پێکهاتەی) | *لیژنەی کاروباری یاسایی<br>*لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی |

## چوارەم: یاسا پەسەندکراوەکان

**خشتەی ژمارە ( ٢٥ )**

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی یەکەم | خوێندنەوەی دووەم | پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور | دانیشتنی ژمارە (٣) لە رۆژی (٢٠١٩/٠٣/٣٠) | دانیشتنی ژمارە (٤) لەرۆژی ٢٠١٩/٠٤/٠٣ | دانیشتنی ژمارە (٥) لەرۆژی ٢٠١٩/٠٤/٠٣ | جێبەجێ کراوە |
| ٢ | یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە رۆژی (٢٠١٩/٠٧/٠٦) | دانیشتنی ژمارە (١١) لە رۆژی (٢٠١٩/٠٧/٠٧) | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە رۆژی (٢٠١٩/٠٧/٠٨) | جێبەجێ کراوە |

## پێنجەم: بڕیارە دەرچووەکان

**خشتەی ژمارە ( ٢٦ )**

| ژ | ژمارە بڕیار | مێژووی بڕیار | ناوی بڕیار |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ٢٠١٩/٠٢/١٨ | هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان |
| ٢ | ٢ | ٢٠١٩/٠٢/٢٦ | پێکهێنانی لیژنەی کاروباری یاسایی |
| ٣ | ٣ | ٢٠١٩/٠٣/١٢ | زیادکردنی دوو ئەندام بۆ لیژنەی یاسایی |
| ٤ | ٤ | ٢٠١٩/٠٣/١٢ | پێکهێنانی (١٤) لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان |
| ٥ | ٦ | ٢٠١٩/٠٥/٢٨ | هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان |
| ٦ | ٧ | ٢٠١٩/٠٦/١١ | ناوزەندکردن سەرۆکی حکومەت |
| ٧ | ٨ | ٢٠١٩/٠٦/٣٠ | درێژکردنەوەی خولی بەهارە بۆ ماوەی (١٥) رۆژ |
| ٨ | ٩ | ٢٠١٩/٠٧/١٠ | متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ٩ | ١٠ | ٢٠١٩/٠٧/١١ | هەڵبژاردنی بەرێز (رێواز فایەق) بەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان– عێراق |
| ١٠ | ١١ | ٢٠١٩/٠٨/٠٣ | دیاریکردنی رۆژی (٢٠١٤/٠٨/٠٣) وەك رۆژی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ئێزدییەکان |

## شەشەم: ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشکراوە و خوێندنەوەی بۆ نەکراوە

### خشتەی ژمارە (٢٧)

| ژ | ناوی پێشنیاز | پێشکەش کراوە لەلایەن |
|---|---|---|
| ١ | پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستان | ١١ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، گۆڕان، یەکێتی، بەرەی تورکمانی) |
| ٢ | پرۆژە یاسای چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کەرتی وەزیفەی گشتی خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر | ١٢ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، گۆڕان، بەرەی تورکمانی، ئازادی) |
| ٣ | پێشنیازی بڕیاری پێشینەی خانووبەرە | ١١ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، گۆڕان، یەکێتی، بەرەی تورکمانی) |
| ٤ | پرۆژە یاسای منداڵە ونبووەکان لەکۆچە بەکۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراق | ١١ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، گۆڕان، یەکێتی، بەرەی تورکمانی) |
| ٥ | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەم یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان_ عێراق _ ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) | ١٢ ئەندام لە فراکسیۆنەکانی (یەکگرتوو، گۆڕان، ئازادی، بەرەی تورکمانی) |
| ٦ | پێشنازە بڕیاری بەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان لەهەرێمی کوردستان | ٢٠ ئەندام لە فراکسیۆنی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) |
| ٧ | پێشنیازە یاسای چاودێری وهاریکاری کۆمەڵایەتی | ٢٠ ئەندام لە فراکسیۆنی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) |
| ٨ | پێشنازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست | ٢١ ئەندام لە فراکسیۆنی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) |
| ٩ | پێشنیازە یاسای ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان | ٢١ ئەندام لە فراکسیۆنی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) |
| ١٠ | پێشنیازە یاسای چەسپاندنی شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستانی عێراق | ٢٠ ئەندام لە فراکسیۆنی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) |

*ژمارەی ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی بەواژووی پەرلەمانتاران پێشکەشکراون و زیاترە، بەڵام ئێمە تەنها ئەوانەمان داناوە کە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەشکراوە و دەست تیمی پەی کەوتووە.

پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستان، لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٠) لەرۆژی(٢٠١٩/٠٧/٠٦) دانرابوو، بەڵام سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەدوو هۆکار داوای کرد خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە نەکرێت، یەکەمیان بەهۆی ئەوەی پێشنیازی یاساکە پێویستیی بەرەزامەندیی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەرێم هەیەو لەهەمانکاتیشدا هەردوو وەزارەتەکە دەبێت کۆنگرە ببەستن بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتیی ناوەڕۆکی پێشنیازی یاساکەو خاڵی دووەمیش ئەوەی کە لەپێشنیازی یاساکەدا هۆکارەکانی دەرچوون بەڕوونی ئاماژەی پێنەکراوە، بۆیە داوای دواخستنی پێشنیازی یاساکە دەکەن، بەمجۆرە سەرۆکی پەرلەمان دواخستنی خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی یاسای مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستانی خستە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پێشنیازەکە پەسندکرا.

## حەوتەم: چاودێریکردن

یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی پەرلەمان، چاودێری کارەکانی حکومەتە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان لە ٢٠١٨/٩/٣٠ هەڵبژێردراو لە ٢٠١٨/١١/٦ کۆبوونەوەی دەستپێکی سوێندخواردنی ئەنجامداو لە ٢٠١٩/٢/١٨ دەستەی سەرۆکایەتی هەلبژارد و بەهۆی ململانێی هێزە سیاسیەکان و کێشەکانی نێوانیانەوە پێکهێنانی حکومەت دواکەوت و حکومەتی کار بەڕێکەر هەبوو و کابینەی تازە لە (٢٠١٩/٧/١٠) پێکهات، هەر بۆیە پەرلەمان لە ئەرکی چاودێریکردندا هیچ رۆلێکی نەبووە لەم خولی گرێدانەدا و هەر لەبەر ئەوەش لەم راپۆرتەدا هیچ قسەیەکمان لەسەری نەکردووە.

## هەشتەم: بودجە و ژمێرەی کۆتایی

- پرۆژە یاسای بودجە:

یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانەیە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو رەوانەی پەرلەمان بکات[٣] ، لەخولی چواری پەرلەمانی کوردستان کە ماوەکەی (٥) ساڵ بوو، هیچ بودجەیەك نەچووە پەرلەمان.

- ژمێرەی کۆتایی:

بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی دووەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام خولی چوار هیچ ژمێرەیەکی کۆتایی ساڵەکانی (٢٠١٣ تا ٢٠١٧) ی نەبینی، بۆ ئەم ساڵیش ژمێرەی کۆتای ساڵی (٢٠١٨) بۆ ئەم خولی پێنجەم نەچووە، دیار نیە ئایە حکومەت ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) بۆ پەرلەمان دەنێریت یان نا.

---

(٣) – لە برگەی یەکەمی مادەی (٩٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

## چەند سەرنجێك لەسەر خولی گرێدانی دەستپێكی خولی پێنجەمی پەرلەمان

١-پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان كە لە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/١٧) پەسەند كرا. لە ساتی پەسەندكردنیدا بڕیاردرا لە خولی چوارەمدا پەیرەوەكە جێبەجێ بكرێت، بەڵام لە خولی پێنجەمیشدا زۆرینەی بڕگەو مادەكانی جێبەجێ نەكراوە.

٢-بەپێی مادەی (١٤)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبوایە لە دانیشتنی یەكەمدا دەستەی سەرۆكایەتی هەڵبژێردرێت، بەڵام پەرلەمان ئەو ئەركەی بەجێنەگەیاند، كۆبوونەوەكە لە (٢٠١٨/١١/٦) ئەنجامدراو ماوەی (١٠٣) بە كراوەیی مایەوە تا لە (٢٠١٩/٢/١٨) دەستەی سەرۆكایەتی هەڵبژێردرا.

٣-بەپێی مادەی (٢١)ی پەیرەوی ناوخۆ دەبوایە پەرلەمان لەیەكەم دانیشتنیدا لیژنەی دروستیی ئەندامان پێكبهێنێت بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لەباری دروستیی یاسایی ئەندامان، بەڵام پێشێلی ئەو مادەیەش كرا!

٤-بەپێی پەیرەو و پێشینەی كاری پەرلەمانی، كاتێك متمانە بە كابینەی حكومەت درا، دوای خوێندنەوەی كارنامەی حكومەت لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبوایە كارنامەكە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام سەرۆكایەتی پەرلەمان خۆی لەو مەسەلەیە بوارد و نەخرایە دەنگدانەوە.

٥-پەرلەمان دامەزراوەی پەسەند و چاودێریكردنی جێبەجێكردنی یاسایە، كەچی دامەزراوەكانی پەیوەست بەخۆیەوە بەنایاسایی بەڕێوە دەچن، وەك (دەستەی مافی مرۆڤ، دەستەی دەستپاكی، دیوانی چاودێری)!

٦-(دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ) كە دەستەیەكی سەربەخۆیە لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە، لە (٢٠١٧/١/١٧)ەوە كە ماوەی دوو ساڵ و دە مانگە ماوەی یاسایی سەرۆكەكەی بەسەر چووە، سەرباری ئەوەی نوسراوی ئاگاداركردنەوەی پەیوەست بەو بابەتە لەلایەن دەستەی مافی مرۆڤەوە بۆ پەرلەمان نێردراوە، كەچی پەرلەمان هیچ هەنگاوێكی هەڵنەهێناوە، ئەمەش پێشێلی یاسایە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە.

٧-(دەستەی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستان) لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە، لە (٢٠١٧/٥/١٣)ەوە كە ماوەی دوو ساڵ و چوار مانگە ماوەی یاسایی سەرۆكەكەی بەسەر چووە. سەرباری ئەوەی نوسراوی ئاگاداركردنەوەی پەیوەست بەو بابەتە لەلایەن دەستەی دەستپاكیەوە بۆ پەرلەمان نێردراوە، كەچی پەرلەمان هیچ هەنگاوێكی هەڵنەهێناوە بۆ ئەوەی لەرووی یاساییەوە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكات، ئەمەش پێشێلی یاسایە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە.

٨-(دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان) كە دەستەیەكی سەربەخۆیەو لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە، لە (٢٠١٨/٥/٧)ەوە كە ماوەی ساڵێك و پێنج مانگە ماوەی یاسایی سەرۆكەكەی بەسەر چووە، سەرباری ئەوەی نوسراوی ئاگاداركردنەوەی پەیوەست بەو بابەتە لەلایەن دیوانی چاودێریەوە بۆ پەرلەمان

نێـردراوە، کەچـی پەرلـەمان هـیچ هـەنگاوێکی هەڵنـەهێناوە، ئەمـەش پێـشێلی یاسـایە لەلایـەن دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە.

٩–لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا پەرلەمان تەنها دوو یاسای دەرکردووە، کە ئەمەش لەگـەڵ مـاوەی خـولی کارکردنی پەرلەماندا زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەموو پێداویستی یاسایەی هەیە.

١٠– لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا لە پەرلەمان کەمترین پرۆژە یاسا خوێندنەوەیان بۆ کراوە کە تەنها (٤) پرۆژە یاسایە.

١١– بەپێی برگەی (٢) لە مادەی (٣٠) ی پەیرەوی ناوخۆ، لیژنەکان بەلای کەمەوە دەبێت مانگی (٢) جار کۆببنەوە، لەم خولی گرێدانـەدا کـە چـوار مانگـەو (١٥) ڕۆژیش ماوەکـەی درێژکرایـەوە، پێویـست بـوو بـەلای کەمەوە هەریەك لە لیژنـەکان (٩) کۆبوونـەوەیان ئەنجامـدابێت، بـەڵام زۆرینـەی لیژنـەکان کەمتەرخـەم بوونـەو بەئەرکی خۆیان هەڵنەستاون.

١٢– بـەپێی مـادەی (٤١) لـە پـەیرەوی نـاوخۆ لیژنـە هەمیـشەییەکان لەچوارچـێوەی پـسپۆری خۆیانـدا بەدواداچوون و لێکۆلینەوە و سەردانی مەیدانی دەکەن لەئاست جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت لیژنــەکان کــەمترین بەدواداچــوونیان کــردووە لــەو بــوارەدا لەکاتێکـدا زۆرتــرین گرفــت هەیــە لــە جێبەجێنەکردنی یاساکان و پێشێلکردنیان.

١٣–بەپێی مادەی (٤٣) پەرلەمان بۆی هەیە لیژنەی کاتی سەبارەت بـە بابـەتێکی دیـاریکراو پێکبهێنێـت، بەڵام کۆمەلێك بابەتی هەستیار هەبوو پێویست بوو پەرلەمان لیژنەی بەدواداچوونیان بۆ پێـك بهێنێـت بـەڵام بـە ئەرکی خۆی هەڵنەستا.

١٤–بـەپێی برگـەی (٣) ی مـادەی (٥١) لـە پـەیرەوی نـاوخۆ ڕۆژانـی سـێ شـەمەو چـوار شـەمەی هـەموو هەفتەیـەك تایبـەت دەبێـت بـە دانیـشتنی پەرلـەمان، کەچـی جگـە لـە دوو کۆبوونـەوەی دەسـتپێك کـە لـە ٢٠١٨/١١/٦ و ٢٠١٩/٢/١٨ ئەنجامـدرابوون، هـەروەها (٢) کۆبوونـەوە ڕاگەیـەنراو دواخـرا، سـێ کۆبوونـەوەی نائاسایی کراوە، پەرلـەمان لـەماوەی خـولی گرێدانـدا تـەنها (١٤) کۆبوونـەوەی ئەنجامـداوە. لەکاتێکـدا بـەلای کەمەوە دەبوایە (٤٠) کۆبوونەوەی بکردایە، ئەمەش پێشێلی پەیرەوی ناوخۆیە!

١٥–بەپێی مادەی (١١٨)ی پەیرەوی ناوخۆ، پەرلەمان پاسەوانی دەبێت و دەکەونە بەر فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ئەم ماددە پەیرەوییەش جێبەجێنەکراوە، وەکو پێشتر پاسەوانەکانی پەرلەمان لەژێر فەرمانی حکومەتدان و هیچ پەیوەندییەکیان بە سەرۆکی پەرلەمانەوە نیەو سەرۆك دەسەڵاتی بەسەریاندا نیە! ئەمـەش ڕێخۆشکەر بووە هەر کەسێك بیەوێت پەلاماری پەرلەمان و پەرلەمانتار بدات وەك لە ڕابردوو ڕوویداوە.

١٦–بـەپێی برگـەی (٢) لـە مـادەی (٧٨) ی پـەیرەوی نـاوخۆ هـەر (١٠) ئەنـدامی پەرلـەمان بۆیـان هەیـە پـرۆژەی یاسـا پێـشکەش بـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بکـەن، بـەڵام لـە هـەمواری یاسـایی کـارا کردنـەوەی

سەرۆکایەتی هەرێمدا، تەنها ئەو پرۆژە یاسایەی ئەندامانی (پارتی، گۆڕان، پێکهاتەکان، ئازادی، سەردەم) پێشکەشیان کردبوو خوێندنەوەی بۆ کراو پاشان پەسەندکرا، کەچی ئەندامانی فراکسیۆنەکانی (نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو) ئەو پرۆژە یاسایەی پێشکەشیان کردبوو نەخرایە بەرنامەی کار و نەخوێندرایەوە، ئەم مامەڵەیەش بەدرێژای ئەم خولە کراوە لەگەڵ سەرجەم ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی لەلایەن فراکیسیۆنەکانی دەرەوەی دەسەڵات پێشکەش کراوە، ئەمەش پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

١٧-بەپێی مادەی (١٢١) لە پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکارەکانی دانانی ڕاوێژکارانی پەرلەمان دەستنیشانکراون، پەرلەمان زۆرترین ڕاوێژکاری یاسایی هەیە، کەچی لەدەرەوەی یاسا گرێبەستی لەگەڵ (٧) ڕاوێژکاری یاسایی تردا کردووە.

١٨-بەپێی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٢ ئەندامی پەرلەمان سێ پاسەوانی دەبێت و لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێن، بەڵام خولی پێنجەمی پەرلەمان پێشێلی ئەم یاسایەی کردووە، پێویست بوو یا یاساکە وەك خۆی جێبەجێ بکات، یان یاساکە هەڵوەشێنێتەوە.

١٩-سەرۆکی پەرلەمان، ڕووبەڕووی چەند هەڵەیەکی یاسایی و سیاسی و پرۆتۆکۆڵی بویەوە، کە پێچەوانەی پەیڕەوی پەرلەمان و نەریتی کاری پەرلەمانی بوون. لەوانە:

-وەك سەرۆکی باڵاترین دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەی پرۆتۆکۆڵ، بەمەبەستی هاوخەمی دربڕین لەهەمبەر کوژرانی ئەندامێکی (میت) لە ریستورانتی هۆقەباز سەردانی کونسڵخانەی تورکیای لە هەولێر کرد، کە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا نەریتی لەم شێوازەدا نەبووە، لەکاتێکدا هاوخەمییەکی نەبوو بەرامبەر ئەو قوربانیە کوردانەی تر کە لەهەمان ڕووداو گیانیان لەدەستدا!

-بەپێچەوانەی نەریت و یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ، لە بری ئەوەی بانگهێشتی سەرۆکایەتی حکومەت بکات، یاخود کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکایەتیەکە لە ناو باڵەخانەی پەرلەمان بەڕێوەببات، وەك دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان چوونە بەردەم سەرۆکایەتی حکومەت، کە پێچەوانەی نەریت و یاساو پەیڕەوی پەرلەمان بوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی متمانە پێدان و بانگکردن و لێپرسینەوەی حکومەتی هەیە، هەروەها بە پێی بڕیاری ژمارە( ١) ی ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمان مەرجەعی باڵای یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووس سازەکانە. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش، حکومەت لە بەردەم پەرلەمان لێپرسینەوەو پرسیاری لێ دەکرێت، لە هیچ برگەیەك و یاسا بڕیارێکدا نە هاتووە حکومەت کۆبوونەوە لەگەڵ پەرلەمان بکات و بانگهێشتی بکات. لە عورفی پەرلەمانی کوردستان نەبووە سەرۆکی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە بچێتە لای سەرۆکی حکومەت، نە یاساو نە عورف و نە پرۆتۆکۆڵ لە هیچ پەرلەمانێکی دونیاو عێراق و کوردستان ڕێگە بە سەردان و کۆبوونەوەی لەم جۆرە نادات.

– له (٢٠١٩/٨/٢٨) سەردانی بەرێز مەسعود بارزانی سەرۆکی (پدك)ی کرد، بە بیانوی ئەوەی پرسی دەستوور لەگەڵ لایەنەکان تاوتوێ دەکات، لەکاتێکدا پەرلەمان مەرجەعە نەك هیچ کەسایەتی و سەرکردەیەکی تر.

٢٠–پەرلەمان نەیتوانیوە تا ئێستا کار لەسەر پرسی دەستوور بکات، ئەمە لەکاتێکدا بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئامادەکردنی دەستوری کوردستان ئەرکی پەرلەمانە، کە ماوەی لیژنەی دەستور درێژ بکاتەوە، ئەم یاسایە بەرکارەو بەرهەمی سازان و ململانێی رابردووە لەسەر پرۆژەی دەستور بە تایبەت هەوڵ و قوربانی لایەنەکان لەسەر ئەو پرسە. لە یاساکەدا نەهاتووە کە بە تەواوبوونی خوولی چوار لیژنەکە هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە پێویست نەبوو لەدەرگای حیزبەکان بدرێت، رێگە پێدانیان لێ وەربگرن کە پەرلەمان لەم خولە بۆ پرۆژەی دەستور چی بکات.

## ئه نجام

١. كاری پەرلەمان لەکەلتوور و دنیا بینی حزبە کوردستان کارێکی لاوەکیە، بۆ پەرلەمانی کوردستان لاوازە، و سیاسەتێکی رون هەیە بۆ پەراوێزخستنی پەرلەمان. پەرلەمانی کوردستان لەمێژووی ٢٧ساڵی رابردوویدا و لەهەر پێنج خولیدا بەردەوام و بەشێوازی جیاجیا لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە (بەتایبەت باڵادەستەکانەوە) هەوڵی بێبایەخکردنی دراوە، لەهەر خولەو بە جۆرێك و بە شێوازێك، هەر بۆیە خول لەدوای خول لاوازتر دەردەکەوێت!

٢. هەڵبژاردن یەکێکە لە نیشانەکانی دیموکراسی، بەڵام وەك سەلمێنراوە، هەڵبژاردن بە تەنها، سەرباری گرنگیەکەی، نابێتە هۆی هاتنە ئارای دیموکراسی، هەڵبژاردنی خولی پێنجەم لەو بارودۆخە و بەو شێوازەی بەرێوەچوو کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر وێنەی پەرلەمان لەلایەن خەڵك.

٣. داتا و زانیارییەکانی ئەم خولە پێمان دەڵێن، پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ گرفتی نەبوونی پەرلەمانتاری پسپۆڕ رووبەڕوو بۆتەوە، دیارە لە دانانی راوێژکارانی پەرلەمانیشدا هەمان گرفت هەیە.

٤. دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەکاتی بەرێوەبردنی دانیشتنەکاندا چەندین کاری ناپەیرەویان کردووە.

٥. بەپێچەوانەی ئەزموونی پەرلەمانەکانی دنیای پێشکەوتووە، ئۆپۆزسۆن لە پەرلەمانی کوردستان بێ بەش دەکرێت لە هەموو ئەو پۆست و لیژنانەی کە پەیوەستن بە وزە و دارایی و هێزی چەکدارەوە، تەواوی جومگە هەستیارەکانی پەرلەمانیش وەك دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری لەنێوان حزبە بەشدارەکانی حکومەت بەشکراوە.

٦. پەرلەمان هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد و تیایدا هەردوو ماددەی (٦،١٤) ی یاساکەی هەموار کردەوە، کە یەکەمیان، درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، دووەمیان رێگەدانە بە هەڵبژاردنی پارێزگار تەنانەت لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن، ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە لەبارەی درێژەدان بە ئەزموونی درێژکردنەوەی تەمەنی دامەزراوەکان و ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن.

٧. هەڵوێستی هەندێك لە فراکسیۆنەکان رارا دەبینرێت لە کۆبوونەوەکانداو لەهەر کۆبوونەوەو جۆرێك هەڵوێست دەنوێنن!

## راسپاردەکان

١-سیستەمی سیاسی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر سروشت و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمان هەیە، کاتێک خولی پێنجەم لەبەردەم نوسینەوەی دەستووری هەرێمدا، دەبێت سیستمە سیاسیەکەی پەرلەمانی بێت، دەنا وەك ئێستا پەرلەمان ناتوانێت هیچ کارێك بکات کە لەسەر شانیەتی.

٢-پەرلەمان ئەو دامەزراوەیە کە لە ڕێگای کارەکانیەوە جۆری حوکمداری، شەفافیەت، چۆنێتی بودجە، لەگەڵ ڕەزامەندی خەڵك ڕێکدەخات ودەتوانێت ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆ لاوازکردنی توندوتیژی، بۆیە دەبێت هێزە سیاسیەکان دەرفەت بدەنە پەرلەمان کارەکانی خۆی بکات .

٣-پەرلەمان پەلە بکات لە یەکلایی کردنەوەی پرسی دەستوری هەرێمی کوردستان.

٤-سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیرەوی ناوخۆ جێبەجێ بکات و ئەو پێشێلکاریانەی تا ئێستا کراون دووبارە نەکرێنەوە.

٥-پەرلەمان بەدواداچوون بکات بۆ ئەو یاسایانەی نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی خەڵکی کوردستان و دامەزراوەکانەوە هەیە.

٦-پەرلەمان ئەو دەستە سەربەخۆیانەی پەیوەستن پێیەوە (مافی مرۆڤ، دەستپاکی، چاودێری دارایی) کارایان بکاتەوەو پرسی سەرۆکەکانیان بەیاسایی چارەسەر بکات و چاودێریی وردی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بکات.

٧-پەرلەمان ڕۆڵی هەبێت لە شەفافکردی نەوت و داهاتەکانی تردا بەمەبەستی چارەسەری قەیرانی دارایی و یەکلابوونەوەی گرفتەکانی پەیوەست بەبودجەی هەرێمەوە لەگەڵ بەغدا.

٨-لە زووترین کاتدا پەرلەمان یاسای سندوقی نەوت و گاز بخاتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەندامانی سندوقەکە دەستنیشان بکات و متمانەیان پێ ببەخشێت.

٩-پەرلەمان فشار بخاتە سەر حکومەت بەمەبەستی ناردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ و پەسەندکردنی.

١٠-لیژنەکانی پەرلەمان بەپێی پەیرەو بە کاری خۆیان هەڵسن لە کۆبوونەوەو نوسینی ڕاپۆرت و بەدواداچوون و چاودێریی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیانەوە.

١١-پەرلەمان جگە لە دەرکردنی یاسا بە ڕۆڵی چاودێریی خۆی هەڵسێت کە یەکێك لە پایەسەرەکیەکانی کارکردنیەتی.

١٢-سەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵ بدات پاسەوانەکانی پەرلەمان هەروەك لە پەیرەودا هاتووە بخاتەوە ژێر فەرمانی خۆی، بۆ ئەوەی ئەو گرفتانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە دووبارە نەبنەوەو سەربەخۆیی پەرلەمان پارێزراو بێت.

١٣-یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار بکرێتەوەو لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنرێت و بەشێوەیەك ڕێکبخرێت لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان تەریب بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو دژیەکانەی هەیانە.

## خشتەی ژمارە ( ٢٨ )

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی ( ٩ مانگ و ٢٥ رۆژدا )

## ( ٦ ی ئازاری ٢٠١٨ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٩ )

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | ١٩ |
| | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | ٢ |
| | ژمارەی برگەی کار | ٣٣ |
| | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | ٣١ |
| | ژمارەی برگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٢ |
| | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | ٤ |
| | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٢ |
| | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | ١٠ |
| | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ٠ |
| | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان بەلاَم ئامادە نەبوون | ٠ |
| | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ١ |
| | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٩٦ |
| | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | ٥ |
| | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | |
| | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلاَمدراوەتەوە | ٠ |
| | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلاَم نەدراوەتەوە | ٠ |

## پاشکۆی ژمارە (١)

## بەیانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەیان**

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی برگەی (دووەم) ی ماددەی (٤) لە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستور ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٩ دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٢ کاتژمێر (١١) ی بەیانی تا بەرواری ٢٠١٩/٥/١٥ کاتژمێر (١١) ی بەیانی دەکاتەوە بەو مەرجانەی کە لە ماددەی (پێنجەم) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراودا هاتووە:

١–تەمەنی لە کاتی هەڵبژاردندا لە (٤٠) چل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢–هاوڵاتی و نیشتەجێ ی کوردستان – عێراق بێت.

٣– لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکانی بەهرەمەند بێت.

منی نبی نادر قهوچی
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان- عیراق

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عیراق

د.ڤالا فرید ابراهیم
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عیراق

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## بەیانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبارەی کاندیدانی سەرۆکی هەرێم

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەیان**

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی برگەی (٣) ی ماددەی (٤) لە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژادرنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستور ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٩ ، ناوی ئەو پاڵێوراوانەی کە مەرجی یاساییان تێدایە و خۆیان پاڵاوتبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق ، ڕادەگەیەنێت:

١– نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی.

٢– ئومێد عبدالسلام قادر.

٣– محمد حمه صالح عمر.

٤– ڕێبوار عزیز مصطفی.

٥– هیوا عبدالله خدر.

**منی نبی نادر قهوچی**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان- عێراق**

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان- عێراق**

**د.ڤالا فرید ابراهیم**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان- عێراق**

## پاشكۆی ژماره (٣)

## دەقی وتاری سەرۆكی هەرێمی كوردستان

بەڕێز سەرۆك بارزانی

بەڕێز سەرۆك كۆماری عێراق

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی عێراق

بەڕێز وەزیری دەرەوەی توركیا

بەڕێز وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ كاروباری كەنداو

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان

بەڕێزان باڵیۆزانی وڵاتان لە عێراق

دیپلۆماتكاران

سەركردە و سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسییەكان

میوانان و ئامادەبووانی خۆشەویست لە عێراق و بەغدا كە تەشریفتان هێناوە، هەمووتان بەخێر بێن.

مایەی خۆشحاڵیمە كە هەمووتان لێرەن و لەگەڵمان بەشدارن، بەڕێزان سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانتاران و نوێنەرانی گەلی هەرێمی كوردستان بە گشت ڕەنگ و بۆچوونەكانیانەوە، سوپاس كە وەك نوێنەرانی گەل دەنگتان دا بە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو، سوپاس بۆ ئەوانەی دەنگیان دا و ئەوانەی دەنگیان نەدا، ئەوانەی ڕۆژی دەنگدان نەچوونە پەرلەمان، سوپاسی هەمووتان دەكەم، هەریەك لە ئێوە بە خواستی خۆی و بە نوێنەرایەتیی دەنگدەر و لەسەر ڕاسپاردەی ئەو حزبەی نوێنەرایەتیی دەكەن لە پەرلەمان، ئەركی دیموكراسیی خۆتان مومارەسە كرد، لەم كاتەدا گرنگترین دەستكەوت بەردەوامبوونی خودی پرۆسەی دیموكراسییە

لە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆدا لە كاتی خۆ ئامادەكردن بۆ ئەم ئەركە نوێیە، گەلێك یادی ناخۆش و خۆش دێنەوە بیرمان، هەندێك ڕووداو لە بیر ناكرێن تا لێیانەوە فێر ببین، هەندێك ڕووداو زۆر نوێن كە هێشتا خۆیان لەگەڵ كاری ڕۆژانەمان تێكەڵ دەكەن، نوێترینیان هێرشی داعش بوو كە شێوازی كوشتارەكەیان هەموومانی تووشی شۆك كرد و دونیای هەژاند، زۆر كەس پێشبینیی دڕندەیی لەم جۆرەی نەدەكرد، زۆر كەس باوەڕی نەدەكرد هێزی تاریكپەرستی دەستی بچێتە ئەم هەموو تاوانە.

بۆ ماوەیەكی كورت لەوە دەچوو كە تیرۆریستان لە كارەكەیان سەركەوتوو بن، جەنابی سەرۆك بارزانی ڕۆڵێكی گرنگ و سەركەوتووی بینی لە بەرپەرچدانەوەی داعش و تێكشكاندنی خەونی تاریكپەرستییان. جەنابیان وەك فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان كرد و شەونخوونی كرد لەگەڵ پێشمەرگە، بە خۆڕاگری و ئەزموونی پێشمەرگایەتیی لە ١٦ ساڵییەوە تا ئەمڕۆ خستە خزمەتی مرۆڤایەتی لە كوردستان و عێراق و سەرانسەری جیهان.

لەو قۆناغە سەختەدا جگە لە ڕۆڵی سەربازیی یەكلاكەرەوە و بەرزكردنەوەی وورەی پێشمەرگە، جەنابی سەرۆك بە ئەزموونی نزیكەی پەنجا ساڵ خەباتی خۆی، بە حیكمەتی لێزانی و شارەزایی، گەلی كوردستانی لە هەڕەشەیەكی

راستەقینەوە بۆ کەناری ئارامی پەڕاندەوە، ئەم ڕێوڕەسمەی ئەمڕۆش کە زادەی دیموکراسییە، بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان و تێکۆشەرانی گەلەکەمانە.

دوای راپەرین، لە ئازاری ١٩٩١ لە کۆیە بۆ یەکەمجار سەرۆك بارزانی داوای کرد بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و گەلی کوردستان نوێنەرایەتیی خۆی لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا هەڵبژێرێت.

پێشمەرگە بە هاوکاریی هاوپەیمانان و بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا، هاوشان لەگەڵ هێزەکانی عێراق، سەرکەوتن لە ئازادکردنی ناوچە داگیرکراوەکان و ڕزگارکردنی خەڵکی چەوساوەی دەستی داعش، هەموومان قوربانیی گەورەمان لە پێناو ئازادی و سەربەستی و مافی ژیان و گەلەکەمان دا.

سڵاو و درووود بۆ گیانی شەهیدانی گەلەکەمان، سڵاو لە پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان لە سوپا و حەشدی شەعبی و ئەو هێزانەی ڕۆڵی مێژوویی خۆیان لەو قۆناغە ناسکەدا بینی.

بەرگریی ئێمە بەرگری بوو لە مافی ژیان و سەرفرازی، هێزەکانی عێراق ڕۆڵی باشیان بینی لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش.

سوپاسی بێپایان بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا کە بوونە هۆی گەڕاندنەوەی هیوا و ژیان و ئاشتی و ئازادی لە هەرێمی کوردستان و عێراق. پێشمەرگە سەلماندی کە وەك هەمیشە دەتوانێت بەرگری لە وڵات بکات. لە قۆناغی داهاتوو لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵ دەدەین پێشمەرگە ڕێك بخرێتەوە و وەك بەشێك لە هێزی بەرگریی عێراق ئەرکی خۆی بکات.

کوردستان سەلماندوویەتی کە بەشیکی دیار و کاریگەری ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و ڕۆڵی بەرچاوی لە پێشکەوتنەکانی ناوچەکەدا هەیە و پێشکەوتنەکانی ناوچەکە و جیهانیش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێم هەیە، بۆیە لە قۆناغی داهاتوودا پەیوەندیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزگرتن، دەمانەویت دەستی هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی بۆ هەموو لایەك درێژ دەکەین.

ئێمە بە قۆناغێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەستیاردا تێدەپەڕین، کۆمەڵگەی ئێمەش بێ داخوازیی ئازادی و سەربەستی و خواستی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، ئێمە لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا زۆرجار لە فەرهەنگی سیاسی و نەریتی میدیاییدا پتر جەخت لە ناتەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەین، با لەمەودوا لەگەڵ یەکتر کۆك و تەبا و ساز بین.

دەزانم ململانێ و جیاوازی هەر دەمێنێت، ئەمە شتێکی ئاساییە، داوا دەکەم با بیرکردنەوەمان ناکۆك و ناتەبا نەبێت، با بیر و هەڵسوکەوت و کردارمان بونیادنەربێت بۆ گەڕان بەدوای چارەسەری هاوبەش و ئایندەیەکی هاوبەش.

با نیشتمان کۆکەرەوەی هەمووان بێت و نوێنەرانی پێکهاتەکانی کوردستان بە هەموو جیاوازییانەوە بەشداری لە ڕەوتی بەرەو ئایندەی کوردستان بکات.

داوای من وەك سەرۆکی چەند ساڵی داهاتووی کوردستان ئەوەیە کە پێکەوە کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتی خۆمان و لە حزبەکانمان گەورەتر بکەین، پێکەوە لە ئاستی ناوخۆی کوردستان، لە ئاستی هەرێم و عێراق، لە ئاستی وڵاتانی دراوسێ و لە ئاستی نێودەوڵەتی، ژیان و نیشتمانمان بپارێزین و بەرەو پێشەوەی ببەین.

هیچ گومانم نییە کاتێك پێکەوە نەخشەڕێی هاوبەش بۆ هەرێمی کوردستان دادەنێین، ڕێی هەڵە ناگرین و دەزانین چی پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.

دەبێت لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی لە بەغدا پێکەوە کار بکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ پرسە دەستوورییەکان، دەستوورێك کە چوار لەسەر پێنجی دەنگدەران لە هەموو عێراق دەنگیان پێ داوە. دەستوورێك کە ببێتە هۆی زامنکردنی پێکەوەژیان و لێکتێگەیشتن.

ئێمە ئومێدمان بە دەستوور هەیە، بەداخەوە نەتوانرا وەکوو خۆی جێبەجێ بکرێت و ئەو عێراقە نوێیە بونیاد بنرێت کە گەلانی عێراق خەونیان پێوە دەبینی، ئەو عێراقەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵ و بەشداریی کارای تێدا هەبوو و بەرگری لێ کرد، لە عێراق هیچ بەدیلێك بۆ دەستوور نییە، بە ئەزموون بینیمان کە پشتگوێخستنی بە مەبەست و بێمەبەست، یان پشتگوێخستنی ئەو دەستوورە دەبێتە هۆی ناتەبایی و ناسازیی نوێ لە نێوان پێکهاتەکان، دەتوانین جارێکی دیکە دەستوورەکەمان نوێ بکەینەوە و ڕێزی لێ بگرین، تاوەکوو تاریکپەرستانی وەك داعش درووست نەبنەوە و کارەساتی وەك شنگال و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و عێراق دووبارە نەبنەوە. تاوەکوو عێراق و کوردستان لە مەترسیی تیرۆر دوور بن کە هێشتا بە جددی هەڕەشە دەکات.

لە مێژووی دوور و نزیکماندا شەڕ بۆتە هۆی هەرەسهێنانی ئابووریمان، شەڕفرۆش زۆرجار بیر لەوە ناکاتەوە کە ئاگری شەڕ ماڵی خۆشی دەگرێتەوە، باشترین نموونەش هێرشی ڕژێمی ڕابردوو بوو بۆ سەر کوردستان و ئێران و کوێت، لە کۆتاییشدا دۆخی عێراق تێکچوو و ژیانی خەڵکی ئاڵۆز بوو، تائێستاش خەڵکی هەرێم و عێراق و ناوچەکەش باجی خراپەکارییەکانی ئەو ڕژێمە دەدەن.

با برینی ڕابردوومان بە لێبووردەیی و سینگ فراوانی سارێژ بکەین، نەك بە گیانی تۆڵەکردنەوە.

ئامادەبووانی بەڕێز...

با پێکەوە بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە هەنگاوی بونیادنەر بنێین بۆ ڕێککەوتن لەسەر نەخشەڕێگەیەکی هاوبەش بۆ ژیانێکی هاوبەش. گەلی کوردستان هەمیشە مرۆڤ دۆستیی خۆی نیشان داوە، هەرگیز گەلی کوردستان ڕێگەی نەداوە کە شەڕی ڕژێمەکانی عێراق کە بەسەر کوردستاندا سەپێندرا، ببێتە شەڕی کورد و عەرەب. عێراق دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی، با بۆ هەموو عێراقی بسەلمێنین کە پێکەوەبوونمان و پاراستنی ژیانمان لە هەموو سامانێك گرنگترە.

لە ئاستی هەرێمیش بەرنامەی هاوبەشمان دابڕێژین، گۆڕانکارییە خێراکان پێویستییان بە دیدی هاوبەش هەیە، چونکە لە کۆتاییدا هەمووان بەرپرس دەبین لە سەرکەوتن و شکستەکان، کاتێك هەوڵی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هەرێم دەدەین و بەردەوام هەوڵی بووژاندنەوەی ئابووریمان دەدەین، نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە هەریەك لەوانەش هاوشێوەی ئێمە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە.

ئەرکی سەرۆکی هەرێم دەبێت، ڕێ خۆشبکات و زەمینە سازی بکات بۆ لێکنزیکبوونەوەی هەرێم لەگەڵ دراوسێکان، بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئابووری و بازرگانی و چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییە هاوبەشەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییە دراوسێیەتییەکان.

پاراستنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ئەو هێزە نێودەوڵەتییانەی کە پاراستن و مانەوەی هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەزانن، ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. بەبێ هاوکاریی و کۆمەکی سەربازیی وڵاتان، داعش دەیتوانی زەرەری زیاتر بە هەرێم بگەیەنێت.

سوپاسی یەك بە یەکی خەڵکی کوردستان دەکەین کە وێڕای شەڕ و کەمیی مووچە و سستیی بازاڕی کار، یارمەتیی حکوومەتیان دا تاوەکوو ئەو دۆخە بە سەربەرزی تێپەڕێنین.

دەبێت دان بە جیاوازییەکانماندا بنێین و جیاوازییەکانمان نابنە ڕێگر لە سەرخستنی خواست و ڕێگر و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و شایستەی داهاتوویێکی باشترین بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوومان. پێکەوەژیان و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و بوارەکانی دیکە، پێویستی بە کاری جددی هەیە بە جۆرێك لەگەڵ قۆناغی ئێستا و داهاتوومان، ژینگە وەك سەرچاوەی سەرەکیی ژیان زەرەرمەند نەبێت. بە ئەمانەتەوە وڵاتەکەمان دەدەینە دەست نەوەی داهاتوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشمان.

وەك سەرۆکی هەرێم ئەوپەڕی توانا و ئەمانەتی خۆم بەکار دەهێنم بۆ هاوکاریکردنی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی نوێ و کابینە و هەموو وەزیرەکانی تاوەکوو لە بەرپرسیاری و کاری خۆیاندا سەرکەوتوو بن. سەرکەوتنی هەریەك لە ئێمە سەرکەوتنی هەموومانە.

جارێکی دیکە سەرجەم کوردستانییان دڵنیا دەکەمەوە کە سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان دەبێت لە پێناو ژیانێکی ئاشتییانە و ئارامی کوردستاندا. هەرێمی کوردستان موڵکی هەمووانە بە هەموو جیاوازییەکانەوە. سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ هەمووان دەبێت و بە یەکچاو سەیری هەمووان دەکات.

دووپاتی دەکەمەوە ئارامی و ئاشتی و سەقامگیریی کۆمەڵگە ئامانجی سەرەکی دەبێت. هەروەها پاراستنی پەیوەندیی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچە و پاراستنی پەیوەندیی و سەنگی هەرێمی کوردستان کاری ئێمە دەبێت. هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێم و زامنکردنی بەها و ئازادییەکانی جیهانی پێشکەوتوو.

هەموومان یەك خۆر لەسەرمان هەڵدەستێ و یەك ئاسمان دامان دەپۆشێت.

سوپاس بۆ سەرۆك و سەرکردە و هەموو بەرپرسان لە هەر کوێیەك بە نامە و تەلەفۆن و بە هۆکاری جیاواز پیرۆزباییان لێ کردووین.

دووبارە زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

## پاشکۆی ژمارە (٤)

## دەقی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم ڕێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکرای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لە خۆ دەگرێت.

جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت.

هێڵەگشتییەکان لە چەند سەرەبابەتێکدا پۆلێن کراون بەم شێوەی خوارەوە:

### لە ئاستی چاکسازیدا:

یەکەم: کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە موچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەك کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

دووەم: کار دەکەین بۆ نەهیشتنی رۆتین و خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاولاتیان و ڕێزگرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمییەکاندا. بە کردەوە هەوڵ دەدەین بۆ بەخزمەتگوزارکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە ئاست هاولاتیاندا. لە پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنیەکان دەدەین.

سێیەم: نابێ بەرپرسانی بالای حکومەت پێگەی کارگێریی خۆیان بۆ بازرگانی و دەولەمەندبوون بەکاربهێنن. بە پشت بەستن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێم، نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان بکەن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەك لەم بوارەدا دەکەین.

چوارەم: ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفراس، بە پێی پێویستی دەبێت و ڕێگە لە بە هەدەردانی سامان و خراپ بەکارهێنان و بەلارێدابردنێك لەم بوارانەدا دەگرین.

پێنجەم: بە هەموو تواناMانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندڵیەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگر دەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵك و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان, بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتی.

شەشەم: کاردەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا، بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بە پێی یاسای پەیوەندیدار.

حەوتەم: بە پێی ستاندەرە جیهانییەکان، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراك دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەر پێچیەك کە لەم لایەنە ژیاریەدا بکرێت دەگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراك و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین.

هەشتەم: چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێکخستنی باج.

نۆیەم: کار دەکەین بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بە پێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ململانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

دەیەم: پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی. هەروەها بە پێی بنەماکانی کاری پەرلەمان، ڕێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین.

یازدەیەم: سندوقی خانەنشینی بە پێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا دەکەین، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە گرەنتی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بکات.

دوازدەیەم: بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم، لە پێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم، پێداچوونەوە بە میکانیزمی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین بە هاوکاری بسپۆرانی ناوخۆ و دەرەکی ئەم هێزانە لە ستاندارده سەربازییەکان نزیك بکەینەوە.

سیانزەیەم: کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێك ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا رابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە, هەروەها کاری جدی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەك لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

**لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:**

یەکەم: کاردەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاوڵاتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای ماف نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەك.

دووەم: کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەیەکی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمێکی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

سێیەم: کار دەکەین بۆ چاککردن و بەرزکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی و دانانی ڕێکاری ڕاکێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەکی بۆ بەشداری لە ئاواکردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە. هەروەها کار دەکەین بە پێداچوونەوە بە مەنهەجی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەرۆکیان بە پێی ستاندارده باوەکان.

چوارەم: کار دەکەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەویی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاوڵاتیان و بە جۆرێك ئاوی پاك بگەیەنرێتە هەموو هاوڵاتیان و تا بکرێت ئاوی ژێرزەوی بەهەدەر نەدرێت.

پێنجەم: کار دەکەین بۆ باشترکردنی ڕێگەوبانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی هاتووچۆی هەرێم وەهەوڵدەدەین وەبەرهێنانی بیانی و کەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە رابکێشین و رێگەوبانی هەرێم کە ساڵانە هۆکاری زیانی گیانی و مالیی هاوڵاتیانمانە لە ستاندارده باوەکان نزیك بکەینەوە.

شەشەم: کار دەکەین بۆ رەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، تاکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێن و یاساکانی کار بە جۆرێك رێك بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت.

حەوتەم: کاردەکەین بۆ زامنکردن و رێکخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت، بە جۆرێك ماف خانەنشینی و کاتژمێرەکانی کار و بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی و داهاتوویان پارێزراو بێت.

هەشتەم: خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر و برینداره‌کان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانییە سیاسیەکان، لە کارە بەراییەکانی حکومەت دەبێت. هەروەها کار دەکەین بۆ پێداچوونەوە بە لیستەکانیان و پاکردنەوەیان لەو ناوانەی بە شێوازی نایاسایی زیادکراون.

نۆیەم: بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیی تایبەت بە کاروباری خاوەن پێداوسیتیە تایبەتیەکان دەدەین.

دەیەم: ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی. کار دەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پیشکەوتووی ریسایکل و چارەسەریی زبڵ و خاشاك وکەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان.

یانزدەیەم: لە سەر شێوازێکی دادپەروانە و هاوسەنگ کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت دەدەین بە هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان.

دوازدەیەم: گرنگی تایبەت دەدەین بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بوارە وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتورییەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان.

سێزدەیەم: کاردەکەین لە پێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەمەش لە رێگەی پێشخستن و بەرزکرنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم لە رووی جۆری، هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەتی لەبار بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی. هەروەها کار دەکەین بۆ رێکخستنەوەی کاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان و پێداچوونەوە بە کوالێتی زانستی و نرخەکانیان.

